**کاروان عومەر کاکەسوور**

karwankakasur@yahoo.co.uk

# لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنووسم

پارچەیەکی دیکەی منداڵییمە و پێشکەشە بە «زیبا ئیسماعیل بەرزنجی»، ئەو «مارڤێل»ەی لە قۆناغی سەرەتاییە و کتێبی «منداڵییم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد»ی بەوردی خوێندۆتەوە.

«کۆللارەکەم نەیهێشت من چیرۆکەکە ببیستم، ئەگینا هەر لە دوورەوە سەرنجی ڕاکێشام».

تێنەگەیشتم ئەو ژنە چی لەو هەموو ڕێبوارە جیاوازە، کە ڕۆژانە، تۆ بڵێی لە هەر ساتێکدا بەسەر ئەو شەقامەدا تێدەپەڕن، هەتا بەو شێوەیە هۆشم لای کۆللارەکەم نەهێڵێت.. سەیر ئەوەیە لای من هەڵدانی کۆللارە وەکو دەستبازیی وایە لەگەڵ ژندا.. ڕەنگە زۆر منداڵی دیکەی گەڕەکیشمان وێنەی من هەستیان بە چێژێکی ئاوا کردبێت، بەڵام لە ڕوویان نەیەت بە کەسی بڵێن.. دەزووەکە شل شل دەکەیت.. کۆللارەکە دەڕوات و دەڕوات.. دەڵێی ژنێکی باڵابەرزە و لەسەر چیمەنێکی چڕ و نەرمدا بەنازەوە ڕادەکشێت.. دیمەنی ئاوام لە خەوندا زۆر بینیوە.. ئا، کۆللارەکەت نەرم نەرم ڕادەکشێت و لە هەوادا خۆی دەلەنگێنێت.. هاوکات نزم دەبێتەوە.. وا دێتە بەرچاو پچڕاوە، کەچی لەپڕ، پێش ئەوەی بگاتە سەر زەوی، دەستت توند دەکەیت.. بۆ خۆتی دەهێنیتەوە و بۆ ئەوی درێژ دەکەیتەوە.. بۆ خۆتی دەهێنیتەوە و بۆ ئەوی درێژ دەکەیتەوە.. ئەمە جووڵەیەکی هەندێک سەیرە.. حاڵەتێکی جیاوازە.. شتێک دەکەیت و مەبەستت شتێکی دیکەیە.. وەک ئەو حاڵەتەی کەسێکی ناحەز لە دوورەوە تووڕەت دەکات و دەنگت پێی ناگات، بە ئاماژەی دەست پێی دەڵێیت: «هەر خۆم دەزانم چییت لێدەکەم».. ئەگەر جووڵەکان لە یەکتر دەچن، ئەوا مەبەستەکان تەواو جیاوازن.. لەو بێنە و بەردەیەدا کۆللارەکە بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە.. لێرە هەستێکی دیکە سەر هەڵدەدات.. هەستێک، کە پێت دەڵێت تۆ دەستەڵاتت هەیە.. دەزووەکەت لە

قوتوویەک ئالاندووە، چونکە قوتوو وەکو تەختە و بەکرە نییە، دەتوانێت زۆر بەخێرایی دەزووەکە شل بکات یان هەڵیبکاتەوە و چێژەکەشی گەورەترە.. جار جاریش بە پەنجەکانت وەکو تەپڵ لە بنی قوتووەکە دەدەیت و گۆرانی دەڵێیت.. تا زیاتر کۆللارەکەت بەرز دەبێتەوە، ئەو دوو هەستە گەورەتر دەبن، بەڵام دەزووەکەی من کورتە.. لە چەکمەجەی مەکینەی دروومانی دایکمم دزیوە.. پچڕ پچڕن و لە یەکترم گرێ داون.. من بەدزییشەوە کۆللارە دروست دەکەم و بە قاچاغ هەڵیدەدەم.. ڕەنگە «منداڵێک بە قاچاغ کۆللارە هەڵدەدات» ناونیشانێکی سەیر بێت بۆ چیرۆکێک، بەڵام چی بکەم ئەوە منم.. باوکم بزانێت ئەو پەڕانەم لە دەفتەرەکەم کردۆتەوە، هەڵمدەواسێت.. دەسا من بۆ هەر کۆللارەیەک چەند پەڕێک بەکاردەهێنم و زیاتریش لە دەفتەری نیگارکێشانەکەمیان دەکەمەوە، چونکە لە لایەک گەورەن و لە لایەکی دی لووس و بێگەردن.. بە مەقەست بۆ سەری و بۆ کلک و باڵەکانیان باریک باریک دەیانبڕم.. منداڵانی دیکە پێیان دەڵێن کلک و باڵ، ئەگینا ڕاستیتان دەوێت من ناویان دەنێم دەست و قاچ، بۆئەوەی شێوەی بەتەواوی لە ژن بچێت.. قژیشی بۆ دەکەم.. ئاخر من شێتی قژم.. لام گرینگ نییە قژ درێژ بێت یان کورت، لوول بێت یان خاو، ڕەش بێت یان زەرد و هەر ڕەنگێکی دیکە، بەڵکو گرینگە لە جووڵە دابێت.. بەڵام لە جووڵەیەکی سەیر دایە.. ئەو بایە زۆر جوان دەیلەرێنێتەوە.. خەونێکی دیکەم هەیە، ئەوەیان باوەڕ ناکەم هیچ منداڵێکی دیکە نە لەم گەڕەکەی خۆمان و نە لەو گەڕەکانەی ئەوبەر بیریان لێی کردبێتەوە.. پێم خۆشە کۆللارەکەم لە شێوەی ژنێکی سەماکەر دروست بکەم.. وەک ئەو ژنە سەماکەرانەی لە تەلەڤزیۆن دەیانبینم و بەوردی سەرنجیان لێدەدەم.. «تەحیە کاریۆکا»، «سامیە جەمال»، «هالە فوئاد» و «سوهێر زەکی» و زۆری دیکە.. یەک بەیەک نیشانەکانی سەر جەستەی نیمچەڕووتیان لە سروودی قوتابخانە چاکتر لەبەر دەکەم.. دەخوازم وەکو جەستەی ئەوان بە پوولەکەی بریسکەدار و توولی سپیی شەفاف و مووروی دەنگدار بیانڕازێنمەوە.. دوو چەقەوانەیان بدەمە دەست و زرینگ زرینگ لە هەوادا بیاندەن بەیەکدا.. ئەوسا من بە قوتووەکە تەپڵ لێدەدەم، بەڵام بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم، گۆرانییەکیان بۆ دەڵێم، کە لێیان بوەشێتەوە: «یا فەرحیتیک.. تەرەرەن.. یا فەرحیتیک.. تەرەرەن.. تەرەرەن.. یا فەریحتیک یا هەناکی.. یا هەناکی.. تەرەنەن نەنەنەن نەنەن».. وەکو زۆر لە منداڵانی گەڕەک ئەم گۆرانییە میسرییە و زۆری دیکەم لەبەرە، بەبێ ئەوەی بەتەواوییش لە مانای وشەکانیان تێبگەم.. پێنج ژنی سەماکەری زۆر ناسک پێکەوە لەگەڵ ئەو گۆرانییەدا سەما دەکەن، کە لە فیلمێکی «نەجیب رەیحانی»دا بینیومە.. ئەگەرچی ئەو ئاوازە، یاخود ئەو گۆرانییە وەکو لە وشەکانیدا دیارە، باس لە خۆشیی دەکات، بەڵام لای من ئەوەندەی خەم دەبارێنێت، نیوە ئەوەندە ئاسوودەیی نابەخشێت.. دە ئاخر من ئاوام.. چێژ لە گۆرانیی خەمناک دەبینم.. تەنها لەبەر شتێک، کە ڕابردووم بیردێنێتەوە.. ئەوەش سەیرە.. من هەر دەڵێی لەو ڕابردووە نەژیاوم، بەڵکو بەدەم خەوەوە لێی تێپەڕیوم.. دوایی کاتێ بەئەگا هاتووم، پێیان وتووم، کە من ڕابردوویەکی مەزنم هەبووە.. ئەو سەرپۆشە تەنکەی ژنە سەماکەرەکان بەسەر

جەستەی ڕووتیان داداوە و زۆر بەنازەوە دەیلەرێننەوە، لە کۆللارە و لە هەوری پایزان دەچن.. ئێستا من وشەیەک لەو گۆڕانییە تێدەگەم، یان تێناگەم، هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە دەمەوێت بیلێمەوە.. گرینگ ئەوەیە کۆللارەکە ڕامتەکێنێت.. دیمەنێکی ئاوا، یاخود بەزمێکی لەم شێوەیە، دەبا بلێین ئاوازێکی وەکو ئەو ئاوازە خەیاڵێکی سەیرم پێ دەبەخشێت.. وا دەزانم لە لمێکی نەرمدا ڕۆ دەچم.. لە پێشدا پەنجە و قولاپەپێ و پووزەکانم و دواییش تەواوی جەستەم.. بەرەو قووڵایی ڕۆدەچم، بەڵام لە لووتکەی لەزەت دام.. نازانم بۆئەوەی بێمەوە دۆخی جارانم، دەبێت سەرکەوم، یان دابەزم.. ڕۆحم لەگەڵ هەر جووڵەیەکی جەستەی ئەو ژنە سەماکەرەی ئاسمان هەڵدەفڕێت.. ئێستا ناکرێت من لەناو ئەو هەموو لەزەت و خۆشییەدا هەست بە ترسێکی گەورە نەکەم.. لە گیانی خۆم زیاتر لە گیانی ئەو دەترسم.. شتێکم بیر چوو، کە دەبووایە لە پێش هەموو شتەکانی دیکەوە بیلێم.. سێبەری کۆللارەکەم لەسەر زەوی هەر بەڕاستی لە ژنێک دەچێت.. ئەوەتا ڕووتوقووت ڕاکشاوە.. هەندێک جار وا دەزانی نووستووە و هەندێک جار وا دێتە بەرچاو تازە لە خەو هەستاوە.. بەهەرحاڵ ئاسان نییە بزانیت کاتێ خۆی لەسەر دەمەوە بۆ سەر پشت، یان لەسەر پشتەوە بۆ سەر دەم وەردەگێڕێت، یاخود وەختێک بەسستی دەست و قاچی لە بارێکەوە دەباتە بارێکی دیکەوە، ئەوە نازە یان خەون دەبینێت.. زۆر جار من سێبەری کۆللارەکەم لە خۆی لا گرینگترە.. هەر کاتێ بزانم ئەو سێبەرە کتومت لە ژن ناچێت، ئەوا دەچم دەسکاریی خۆی دەکەم.. شێوەی دەگۆڕم.. لەوانەیە بە زیادکردنی شتێک یان کەمکردنی، ئەو وێنەیە بگاتە ئاستی تەواوبوون.. ئەو ئاستەی تۆ مەبەستتە پێی بگەیت.. لێرە بەدەست خۆت نییە فێر دەبیت، کە مەرج نییە سێبەری شتەکان لە شتەکان خۆیان بچن.. لەوەش گرینگتر ئەوەیە تا گۆڕان لەو وێنەیەی ئاسمان نەکەیت، شێوەی سێبەر لەسەر زەوی ناگۆڕێت.. مادام سێبەر و شت هەمان شت نین، ئەوا دەبێت بزانی چ گۆڕانێک لەوێدا دەکەیت.. بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت جووتێ مەمک لەو سێبەرەدا بخوڵقێنیت، لەوانەیە پێویستت بەوە بێت دوو شت لە کۆللارەکەت زیاد بکەیت، کە هیچیان لە مەمک نەچێت، بەڵام گرینگە لەو فەرهەنگە تێبگەیت.. دەبێت وردە وردە فێر ببیت، کە چ شتێکی سەر زەوی هاوواتای شتێکی ئاسمانە.. مەمکت دەوێ..؟! بڕۆ لە شتێکی دیکە بگەڕێ.. لەژێر پیتەکانی دیکەدا دەیدۆزیتەوە.. من کە کوڕێکی دەستەپاچەم، بەڵام بە شایەتیی هەموو هاوڕێکانم لە دروستکردنی کۆللارەدا کەس پێم ناگات.. دەتوانم عەیبەکانی خراپترین کۆللارەش چاک بکەم.. لە هەر کۆللارەیەکی سەر زەوی بڕوانم، دەزانم چەند بەرز دەبێتەوە و چەند تەقڵە لێدەدات و بە کام لادا قلێپ دەبێتەوە و دەکەوێتە خوارێ.. کۆللارە بەپێچەوانەی کۆتر نابێت تەقڵە لێبدات.. بەڵام من دەزانم چۆن چارەسەری بکەم.. زۆریش گرینگە بزانیت ئەو چوار کونەی دەزووەکەیان تێهەڵدەکێشیت، لە کوێی ڕووبەری کاغەزەکە بکرێن و چەند لە یەکترەوە دوور بن.. ئەگەر ئەوەت زانی، ئەوا کۆللارەکەت شاقووڵی بۆ ئاسمان هەڵدەفڕێت، ئەگینا لار دەبێتەوە.. یاخود بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەفڕێت.. کاتێ کۆتر لەسەر تەلی ستوونی کارەبا یان ئالیەری

تەلەڤزیۆن هەڵبنیشێت، ئەوە گەورەترین شەرمەزاری بۆ خاوەنەکەی دەهێنێت و دەبێت سەری هەڵبکێشێت.. کەس نازانێت ئەمە لە چییەوە هاتووە.. دەیان کۆترم بینیوە وەکو کچی دڵدار و ژنی ڕەدووکەوتوو سەریان پەڕێندراوە.. خوێنیان بە نینۆکی زبر و ڕەشهەڵگەڕاوی کوڕانی گەڕەگەوە نووساوە.. کۆلارەش نابێت نە بە دارتەلەوە ببێت و نە بە ئالیەری تەلەڤزیۆنیش.. هەمووی چەند ماڵێک تەلەڤزیۆنیان هەیە.. شەوان منداڵان بە پێنج فلس لەو گازینۆیەی «فاتم نانەوا» سەیری تەلەفزیۆن دەکەن.. لەسەر شۆستەکە دادەنیشن و جووڵە لە خۆیان دەبڕن.. گەڕەکی ئێمە تازەیە.. گۆڕەپانی گەورە گەورەی لێیە و بۆ هەڵدانی کۆلارە زۆر لەبارە.. لە پشت ماڵمانەوە دەشتێک دەست پێدەکات.. بە قەراغی «بەلاشاوە» و «باداوا»دا تێدەپەڕێت و کەس نازانێت لە کوێ کۆتایی پێدێت.. ئاواتم ئەوەیە کۆلارەکەم بگەیەنمە ئەوێ و لە چاوم ون بێت.. تەنها بەهۆی دەزووەکەوە، کە پڕی بێت لە هێز و بەردەوام ڕامبتەکێنێت، بزانم نەپچڕاوە و لەژێر دەستەڵاتی خۆمدایە.. دەخوازم کاتێ بەهەمان هێز و تواناوە هەڵیدەکەوە، دەیان شتی سەیر سەیر، تۆ بڵێ سەدان نهێنیی بۆ دۆزیبێتمەوە.. ئاخر تۆ کاتێ کۆلارە هەڵدەدەیت، خەیاڵەکان دەیان هەستی سەیر سەیرت لە دڵدا دەخولقێنن، کە پێشتر بەخۆتەوەت نەدیون.. هەندێک جار ماسیگرێکیت و ماسییەکی گەورە بە قولاپەکەتەوە بووە.. لەو ڕاکێش ڕاکێشەدا گیانت وەک میزەڵدانێکی گەورە هەڵدەئاوسێت.. پڕی دەبێت لە لەزەت.. بەڵام دەزووی کۆلارەی هاوڕێکانم زۆر درێژن.. من بۆیان هەڵدەدەم، بەو مەبەستەی عەیبەکانیان بدۆزمەوە.. لە هی خۆم زیاتر چێژیان لێ دەبینم.. ئەدی من وەستای کۆلارە نیم..؟! من خۆم بۆیان دروست دەکەم و خۆشم چارەسەر بۆ عەیبەکانیان دەدۆزمەوە.. هەر لەو ڕێگایەشە دەچمە ناو ماڵیان.. لە زۆر نهێنییان تێدەگەم.. تا ئێستا چەند ژن و مێردم لە باوەشی یەکتردا بینیوە.. ئەو وشە ئاودارانەشم بیستووە، کە لەسەر جێگا بە یەکتری دەڵێن.. منیش هەمان ئەو قسانە بە کۆلارەکەم دەڵێم.. کاتێکیش کۆلارە هەڵدەدەم، ئاگام لە دەوروبەرم نامێنێت.. جارێکیان پایسکیلی مامۆستایەکی قەڵەو خۆی پێدا کێشام.. یاخود من خۆم بەودا کێشا.. لەناو ئەو هەموو خەیاڵە قووڵ و چڕانەدا من چووزانم ئاڕاستەکان لە یەکتر جیا بکەمەوە.. چووزانم چی بەر چی و کێ بەر کێ دەکەوێت.. هەموو شتەکان تێکڕا لە جووڵەیەکی بێسەروبەردان و لە چرکەیەکدا هەزار جار بەر یەکتر دەکەون.. ئەوەندە دەزانم کەوتمە سەر زەوی.. ئەژنۆکانم ڕووشان.. پەنجەکانم خوێنیان لێدەچۆڕایەوە.. قوتووەکەشم لە دەست دەرچوو، بەڵام خۆشبەختانە لە تایەی پایسکیلەکە گیر بوو.. هەڵمگرتەوە.. مامۆستاش بەو هەموو زلییەی خۆیەوە کەوت.. بەدەم جنێو و نەفرەتەوە هەڵدەستایەوە.. جلەکانی دەتەکاند و جنێوی بۆ خزمە دوورەکانیشم دەنارد.. ژنان لە بەردەرگاکان قاقا بە مامۆستا پێدەکەنین و ئەو زیاتر جنێوی بە من دەدا .. کۆلارەکە لەوەدا بوو بکەوێت، فریای کەوتم، بەڵام پەنجە خوێناوییەکانم دەزووە سپییەکەیان سوور کرد.. چەند جارێکیش زۆری نەمابووە ئۆتۆمۆبیلێک بمپلیشێنێتەوە و بەو قیرە ڕەقەوەم بنووسێنێت.. بەڵام نایشارمەوە ئەو جارەی لە خەونمدا کۆلارەکەم لە دارەبازەی سەر شانی چەند

پیاوێک گیر بوو، کە بەسەر ئەو ڕێگایەیاندا دەهێنا و ژن و منداڵ بەگریانەوە دوایکەوتبوون؛ من زۆر ترسام.. یاخود با بڵێین سەرسامییەک وەک دارەبازەکە جەستە و ڕۆحمی لە خۆی گرت.. بۆ ماوەیەک هەموویان وەک من لە جووڵە و لە دەنگ کەوتن.. نە کەس دەگریا و نە کەس دایکەڕۆ و باوکەڕۆی دەکرد، بگرە وەک بتی قوڕەیشی نەدەبزوان.. هاوڕێکانم زیاتر دەیانترساندم، کاتێ پێیان دەوتم: «دەزانی ئەوە مانای چییە..؟!».. «تێنەگەیشتی بۆچی کۆللارەی تۆ بەتەنها لەو دارەبازەیە گیر بوو..؟!».. کاتێکم زانی وا لەجیاتی کۆللارەکە، مردووەکە بە دەزووەکەمەوەیە.. من هەرچەند دەزووەکەم شل دەکرد، ئەو زیاتر بۆ لای من دەهاتەوە.. نەشمدەتوانی قوتووەکە فڕێ بدەم و ڕابکەم.. لە ئاسماندا چەشنی کۆللارە دەست و قاچەکانی دەجووڵاند.. پیاوێکی کەتەی ڕیشن بوو.. دەمە زلەکەی دەکردەوە و لێی دەپرسیم:

ـ خانووی بەتاڵ پێنازانی..؟!

وایدەردەخست، کە زۆر میهرەبانانە لەگەڵمدا دەدوێت، بەڵام لەودیوی ئەو وشانەوە گەورەترین ترسی دەنواند.. خەڵکەکەش دارەبازە بەتاڵەکەیان بەرەو گۆڕستان دەبرد و نەیاندەزانی وا مردووەکە بە دەزووەکەی منەوە بووە.. دەمویست بانگیان بکەم، بەڵام دەنگم دەرنەدەچوو.. سەگەکان لەو دەشتەوە دەهاتن و پێی دەوەڕین.. چاوەڕێ بوون بگاتە سەر زەوەی و بە چڕنووک و کەڵبەی تیژیان لەتوکوتی بکەن.. کاتێ لەناو قووڵاییی ترسدا ڕاچڵەکیم و چاوانم بەناو ژوورە تاریکەکەدا گێڕا.. لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر باوەڕم هێنا، کە کۆللارەکەم گیانلەبەرێکی سەیرە و لە نهێنییەکان تێدەگات.. ئایندەی من دەبینێت.. بە هێما شتەکانم پێ دەڵێت.. هەر بۆیە ئاوا سووک و ئاسان لە دەوروبەرم دادەبڕێت.. بەڵام کاتێ زللەیەک بە ڕوومەتم دەکەوێت و بەرچاوم تاریک دادەهێنێت، ئەوا لەناو ئەو هەموو ئازار و تاریکییەشدا هێشتا ئەوەندەم هۆش دەمێنێت، تا بزانم ئەوە دەستی بەتینی باوکمە.. ئەو خەیاڵە قووڵەی منی بە هەل زانیوە.. ڕوومەتم وەکو سەرتاپای جەستەم لە حاڵەتێکی نیمچە چەسپاودا بووە.. تەنها لەرەی هێمنی کۆللارەکەم جار جار لەگەڵ خۆیدا بزواندوویەتی.. ئەو کردوویەتی بە نیشانە.. قوتووەکەم لە دەست دەرچووە و نازانم کۆللارەکەم کەوتۆتە کوێوە.. ڕەنگە ئەویش لە ترسی باوکم سەری خۆی هەڵگرتبێت و نەوێرێت ببڕای بێتەوە.. منی بەتەنیا بەجێهێشت.. بەڵام ئەو ژنە چۆن توانی بەبێ ئەوەی زللەیەک بوەشێنێت، ئاوا لەناو ئەو خەیاڵە قووڵەم دەربهێنێت..؟! ئایا ئەویش لە کۆللارەیەک دەچێت..؟! نەخێر، ئەو لە هیچ کەسێک ناچێت.. پێشتر هیچ ژنێکیشم نەدیوە شتێک لە شتەکانی بچێتەوە سەر ئەو.. هەموو ئەمانە مانای ئەوە نییە، من دەزانم بۆچی لام بۆتە مەتەڵ.. گەیشتە ئاستم و لە نزیکەوە لەو سیمایەیم ڕوانی.. دەیان چیرۆکم لەو چاوانەی دەخوێندەوە.. ئەوەی نەدەچووە ئەقڵمەوە و نەمدەتوانی بیهێنمە بەرچاوم، ئەوە بوو، کە ئەو لەناو ئەو هەموو دەرگایەدا، لە دەرگای ئێمە بدات و دوای چەند دەقەیەک بچێتە ژوورێ.. نازانم چۆن ئەو دەزووەم لەو قوتووە هەڵکردەوە و دوای چەند دەقە خۆم گەیاندەوە ماڵ، بەڵام تا من گەیشتم، ئەو چیرۆکی خۆی بۆ

دایکم گێڕابووەوە.. سیمای دایکیشمم خەمبار دەهاتە بەرچاو.. ئاخر ئەو ژنە لە چرایەک دەچوو، کە لەجیاتی تیشک، خەم بەسەر دەوروبەردا ببەخشێتەوە.. ئەمە وەسفێک نییە من کردبێتم، یان با بڵێین هەڵبەستێک نییە لە خەیاڵی خۆم دامهێنابێت، بەڵکو لە تابلۆیەکم وەرگرتووە، کە بە قەدی دیواری ماڵی هاوڕێیەکمەوە هەڵواسراوە.. کچێک بە کراسێکی پەمەیی و تەنوورەیەکی شینی کاڵ، من دەڵێم شینی کاڵ، بەڵام ڕەنگە ڕەنگێکی دیکەی هەبێت، یاخود هەر ڕەنگی نەبێت، دەی با بۆ ئاسانکردنەوەی مەسەلەکە بڵێین لە ئاوی ڕووبارێک دەچێت، کە جووڵەی ماسییەکان هەندێک لێڵیان کردبێت.. گرینگ ئەوەیە بە کراس و تەنوورەیەکەوە لەسەر تەختێکی پەڕپووت لەبەرامبەر دایکی دانیشتووە و سەری لەبەر ناوە.. دایکی بە پەڕۆیەکی شینی تۆخ ناوچەوانی بەستووە.. دەستەکانی بەشێوەیەکی سەرسام بۆ لای کچەکەی درێژ کردووە، کە تۆ خێرا دەزانیت وتوویەتی: «چۆن..؟!».. «بۆ..؟!».. «قسەم بۆ بکە».. «چی ڕوویداوە..؟! پێم بڵێ».. باوکە پیرەکەی، کە دەڵێی پەیکەری ئێسقانە و گوشیان تێوە پێچاوە، وا لە پشتیەوە وەستاوە و گوێچکەی کز و داتەپیوی بۆ بەسەرهاتی کچە خەمناکەکەی شل کردووە.. ئاخر ئەویش وەک ئەو ژنەی هاتۆتە ماڵمان چیرۆکێکی هەیە و دەبێت بیگێڕێتەوە.. دەکرێت تۆ بزانیت ئەو کاتێ بەو جلانەوە چۆتە دەرێ، ئاسوودە بووە و چاوەڕێی هەواڵێکی خۆشی کردووە، بەڵام بەدڵێکی شکاوەوە گەڕاوەتەوە.. تۆ کاتێک ئاسوودەیت یان خەمباریت، ئەوە هیچ مانایەکی نییە، کە جلێکی چۆنت پۆشیوە و ڕەنگەکانیان تەعبیر لە چی دەکەن، چونکە زەمەنی پۆشین و زەمەنی گەیشتنی خۆشی و ناخۆشی هەمان زەمەن نین.. ڕەنگە باشترین شت ئەوە بێت، تۆ بەڕووتی هەواڵەکەت پێ بگات، تا بزانی چ جلێک لەو سیما خەمناکەت یان ئاسوودەیەت دەوەشێتەوە، بەڵام کێ ناڵێ ڕووتییش هەر خۆی جلێکی ئەستووری ناشیرین نییە.. نائومێدییەکی قووڵ و بێسنوور نییە.. مەگەر هەر پۆشین نییە بەوانی دیکە دەڵێت ئێمە ڕووتین..؟! پۆشین نەبا، کێ دەیزانی ڕووتی چییە..!! دیوارەکەی پشتیان ڕەنگێکی زەردی فستقیی هەیە.. وەکو پێشتر وتم ئەگەر من ئاوا سووک و ئاسان دەزانم نیگارکێشەکە ویستوویەتی خەمی کچەکە بەسەر دەوروبەردا دابەش بکات، بۆیە ئاوا ئاخەکان زەرد زەرد، سارد سارد بەسەر دیوارەوە دەبینین، ئەوا مانای وا نییە منداڵێکی زیرەکم، بەڵکو هەر کەسێک لێی بڕوانێت، ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت.. من دڵنیام دوای چەند ساڵی دیکەش لە دەستم دێت ئەو تابلۆیە بەبیر خۆم بهێنمەوە.. تەنانەت ئەو مێزە قاوەییەی قاپێکی چینیی لەسەر دانراوە و لە خوارەوەی گۆزەیەکی بچووک پشتی بە قاچەکەی داوە، دەتوانم وەکو خۆی بهێنمەوە بەرچاوم.. بەڵام چ داخێکی گەورەیە، کە تۆ چیرۆکەکەی لەسەر زمانی خۆیەوە نابیستیت..!!

مەراقەکانم لە زیدا بووندان.. ئەو ژنە کێیە..؟! لە کوێوە هاتووە..؟! تۆ بڵێی لە کۆڵلارەکەی من نەکەوتبێتە خوارێ..؟! یان کۆڵلارەی یەکێ لە هاوڕێکانم لەو فەزا نادیارانە وەکو نهێنییەکی سەیر لەگەڵ خۆیدا نەیهێنابێت..؟! نازانم.. نازانم.. ئەوەندەم لا ڕوونە دەبێت دایکم لەگەڵی بچێتە ماڵی «عادیل سەلیم».. منیش لەگەڵی دەچم.. هەر دەبێت ئەو چیرۆکە ببیستم.. کێ ناڵێ هەمان کچی

ناو تابلۆکە نییە..!! بۆ منێکی حەوت هەشت ساڵان سەیرە ماڵێک بەناوی منداڵێکەوە بناسرێتەوە، کە هەر زانیومە باوک خاوەنی هەموو شتەکانە.. لەوەش سەیرتر لە خۆم دەپرسم: دەبێت ئەو منداڵە چی بێت، هەتا ژنێک بەو هەموو بایەخەوە ناوی بهێنێت و بچێت داوای یارمەتیی لێ بکات.. ئینجا بۆ زیاتر باوەڕ نەهێنم، کە لە کۆڵلارەکەی من یان لە هی یەکێ لە هاوڕێکانم کەوتۆتە خوارەوە..؟! زۆر لەو چیرۆکانە بەبیر خۆم دەهێنمەوە، کە لە مامۆژنمم بیستوون.. تەنها لە چیرۆکەکانی ئەودا منداڵ شتی گەورەیان لە دەست دێت.. ئەوان ڕێگا بە گەوران نیشان دەدەن.. هەر ئەوانیش دەتوانن ڕێگاکانیان لێ بشێوێنن.. هەتا ئێستا کەسم نەبینیوە وەکو ئەو ژنە سەرنجڕاکێش چیرۆکی گێڕابێتەوە.. هەر ئەو خۆیشی پێی وتووم، کە ژنێک هەبووە هەرچەند چیرۆکی گێڕاوەتەوە، یەکسەر شتەکان لە بەرچاوی گوێگرەکاندا پەیدا بوون.. بۆ نموونە کاتێ وتوویەتی ڕەشەبایەک هەڵیکرد، ئەوا هەر بەڕاستی ڕەشەبایەکی زۆر بەهێز هەڵیکردووە و شتەکانی ئەو ناوەی بەرەو ئاسمان هەڵگرتووە.. بەڵام هەر ئەوەندە وتوویەتی باران باری، ئەوا هەموو گوێگرەکانی لە ژوورەوە ئاویان لێ چۆڕاوەتەوە.. ئاگردانەکە چز چز خامۆش بووە و وردە وردە کوژاوەتەوە.. خۆ ئەگەر لەجیاتی باران، بیوتایە تەرزە باری، ئەوا دەنکی تەرزە تێکڕای قاپ و پیاڵە و ئاوێنەکانی ژوورەوەی دەشکاند و بەو ناوەیدا بڵاو دەکردنەوە.. جار جار هەورەتریشقە بنمیچ و دیوارەکانی ڕووناک نیشان دەدا.. ئینجا ئەگەر ئەوان گوێیان بەوانە نەدەدا، ئەوە لەبەرئەوە بوو، کە ئەوسا هەموو گیانیان دەبووە گوێچکە و دەیانویست بەپەرۆشەوە سەرتاپای چیرۆکەکە ببیستن.

کێ دەڵێ من نەمدەویست سەرتاپای چیرۆکەکە ببیستم.. بەڵێ، دەمویست.. وردە وردە لە قسەکانی دایکم و ئەو ژنەوە تێدەگەیشتم «عادیل سەلیم» منداڵێک نییە، بەڵکو پیاوێکی گەورەیە.. لە ڕاستیدا ئەو ناوەی سەری لێشێواندم.. نەخێر، گوناهی «عادیل»ی هاوڕێم بوو.. ئەو وای لێ کردم وابزانم «عادیل» تەنها ناوی منداڵانە.. هەر ئەوەش مەراقێکی گەورەی لە دڵمدا ڕواند.. دەمویست ئەو پیاوە ببینم، کە لە منداڵێک دەچێت.. بەدرێژاییی ڕێگا بیرم لێی دەکردەوە و دەمهێنایە بەرچاوم.. سەیر بوو هێشتا هەر نەدەچووە ئەقڵمەوە ئەو لەو پیاوانە بچێت، کە من ڕۆژانە لەسەر شەقام و کۆڵانە پێچاوپێچەکانی شاردا دەمبینین.

باشە ئێمە بۆ ماڵی «عادیل سەلیم» دەچین، یان بۆ بازاڕ..؟! دایکم وەک بڵێی ناخی منی خوێندبێتەوە، پێی وتم:

ـ ماڵیان لە بازاڕە.

من ئێستاش نەمزانی بۆچی لەو ڕستەیە ترسام، کە دایکم زۆر ئاسایی دەریبڕی.. بەڵام ئایا ئەوە ترس بوو..؟! ئێوارەیەکیان لەگەڵ کچێکی دراوسێمان لە پۆلێک باڵندەی ئاسمانمان دەڕوانی.. ئەوان بەرز بەرز و بەتیژی تێدەپەڕین.. ئەو بەبێ ئەوەی چاوی لەسەر پۆلە باڵندەکە بگوازێتەوە، کە ئەوسا وەکو چەند پیتێکی کاڵی سەر دیواری قوتابخانە دەردەکەوتن؛ پێی وتم:

ـ دەزانی ئێمە ماڵمان بۆ قەڵات دەگوێزینەوە..؟!

لە هەموو ژیانمدا ئەو کچەم خۆشنەویستبوو.. دەتوانم بڵێم حەزم نەدەکرد هەر چارەی ببینم، بەڵام نەمزانی بۆچی ئەو قسەیەی گریاندمی.. یەکسەر فرمێسک لە چاوم هاتە خوارێ.. وامدەزانی باڵندەیەکە لەو پۆلە باڵندەیەی بە ئاسمانی سەر سەرماندا تێپەڕین و کەوتۆتە خوارەوە.. پێشتر کاتێ ڕووداوێک، یان گوتەیەکی بەسۆز یاخود دیمەنێکی خەمناک کاریان تێدەکردم، سەرەتا بیرم لێیان دەکردەوە و وردە وردە دڵمیان هەڵدەکۆڵی.. ئاویان لێ دەهێنا و هەتا ئاستی چاوەکانم فوارەی دەکرد.. کەچی ئەوجارەیان تەواو جیاواز بوو.. هێنامە بەرچاوم لە پەنجەرەی یەکێ لە خانووەکانی قەڵات دەستەکانی بۆ چەناگەی کردۆتە جۆللانێ و لەو بەرزاییە کز و خەمناک لەناو بازاڕ و لە سەرتاپای شار دەڕوانێت.. لە ترسی باوکم نەبووایە ئەو شەوە وەکو کەروێشکێکی شەرمن دەمهێنایەوە و هەتا بەیانی لە باوەشی خۆمدا دەمنواند.. وەکو ئەو کەروێشکانەی لە حەوشەی ماڵی «عادیل»ی هاوڕێمدا دەمبینین.. فرمێسکی دنیام بەسەر قژ و دەموچاویدا دەباراند.. زۆر کەسی دیکە لە گەڕەکی ئێمە باریان کردبوو.. بۆ زۆریان ئاخم هەڵکێشابوو، بەڵام بۆ کەسیان نەگریابووم.. ئایا ئەگەر لەجیاتی قەڵات، شوێنێکی دیکەی بوتایە، ئاوا کاری تێدەکردم..؟! بەڵام قەڵا لای من نهێنییەکی گەورەیە.. ترسێکی بێکۆتاییە.. هەر بۆیە هیوا دەخوازم ڕۆژێ لە ڕۆژان پەتێکی ئەوەندە درێژم بۆ کۆلارەکەم دەست بکەوێت، کە بیگەیەنمە ئەوێ و...

یەکەمین بارانی پایزی ئەمساڵ نم نم بەسەرماندا باری، بەڵام تەڕی نەکردین.. بۆنی خۆڵە وشکەکەی ئەم ڕێگایە چووە قووڵاییی لووتمانەوە.. ئەمە خۆشترین بۆنە لای من.. ئەویش تەنها لەبەرئەوەی هەندێک شتی ڕابردووم بیر دەخەنەوە، کە نازانم چین.. بەڵام جوانترین دیمەن هی ئەو مریشک و کەڵەشێر و قەلەموونانەن، کە بەشێوەیەکی زۆر سەیر خۆیان هەڵدەکرووموێنن و لە پەنایەک دەگەڕێن، هەتا گیانیان لە تەڕبوون بپارێزن.. هەندێکیان دەچنە ژێر عەرەبانەی سەوزە و میوە فرۆشتن، کە لە هەر کۆڵانێک لەو کۆڵانە تەسک و پێچاوپێچانەدا یەک دوانێک ڕاگیراون.. بەڵام هەندێکیان خۆیان بە دیوارەکانەوە دەنووسێنن.. نەخێر، من دەڵێم ئەوان لە باران ناترسن، بەڵکو ئەوە تەنها نازێکە و بەو شێوەیە دەریدەبڕن.. پەڕی ئەوانیش بۆنێکی خۆشی لێدێت.. بۆنی گەرمای سووتێنەری هاوین و شێی فێنکی پایزە، کە ئەو بارانە ورد ورد تێکەڵی یەکدییان دەکات.. ڕەنگی هەوری پایزان، ئەگەر بەچاوی منداڵێکی وەکو منەوە لێی بڕوانیت، ئەوا لە ڕەنگی پەڕی کووکووختی، یان لەو سەرپۆشە تەنک و شەفافانە دەچن، کە ژنە سەماکەکەرەکان خۆیانی پێوە دەنوێنن.. خۆڵەمێشییەکی هێمنە.. بەڵێ، هێندە تەنکە، زۆر جار وادەزانی هەور نییە، بەڵکو مەرەکەبە.. لە ڕاستیدا مەرەکەب ناوێکی پڕبەپێستی ئەو نییە، بەڵام کاتێ لە خەیاڵی خۆتدا زۆر لە شتێک دەگەڕێیت، کە تەواو لەو بچێت و نایدۆزیتەوە، ئەوسا ناچار دەڵێیت مەرەکەبە.. هەر بۆیە دوور لە خواستی خۆت بە زمانی منداڵێکیشەوە وەسفی ئەو بارانە ناسکە دەکەیت و دەڵێیت: «ئاسمان لەبەرخۆیەوە دەدوێت».. یاخود: «ئاسمان گۆرانی دەڵێت».. ئەگەر زانیت ئەو وشانە

سوانەوە، ئەوا پەنا بۆ وەسفێکی دیکە دەبەیت و دەڵێیت: «ئاسمان زەوی ماچ دەکات».. تۆ کاتێ لە هەوری پایزان دەڕوانیت و باران نم نم بەسەر قژ و شانتدا دەباریت، منداڵێکی و تازە پێت گرتووە، با تەمەنیشت لە سەدەیەک تێپەڕیبێت.. زۆر جار خەونم بەوەوە بینیوە، کە لە پارچە هەوری پایز کۆللارەیەک دروست بکەم و بیگەیەنمە شوێنە هەرە بەرزەکانی ئاسمان.. بەڵام من چەند منداڵێکی سەیرم.. هەتا وەرزەکە تێنەپەڕێت، جوانییەکەی چێژم پێ نابەخشێت.. هاوینان بیری زستان و زستان بیری هاوین دەکەم.. ئەگەر ئەمجارە زستان بێتەوە ئاوا و ئاوا دەکەم.. نەخێر، من حەزم لە هاوینە.. ئەرێ بەڕاستی من کام وەرزەیانم خۆشدەوێت و دەمەوێت لە کامیاندا بژیم..؟! جلێکی ئاگرینم پۆشیوە.. بێپەروا تایەی گالیسکەیەک خل دەکەمەوە و لەناو تونێلی تاریکی وەرزەکاندا ڕادەکەم.. سرەوتنم نییە.. ئەمە خەیاڵێکە شەوان پێش ئەوەی خەو بمباتەوە، بەخۆیەوەم خەریک دەکات.. ئەو بارانە سیحرییەش ناتوانێت کەمێک لە سیمای خەمناکی ئەو ژنە بگۆڕێت، کە تاوێ لەمەوبەر لەژێر ئەو بارانە پایزییەدا زانیم ناوی «گوڵبەهار»ە.. بەوەدا کە بە خوێنی دەوت، خوون، بۆم دەرکەوت کۆییە، چونکە ئەو وشەیە لە ماڵی «عادیل»ی دراوسێمانەوە فێر بووم.. دایکی لە کاتێکدا دەیویست جلە شۆراوەکان لەسەر تەناف هەڵبخات، لێمان تووڕە بوو و وتی:

ــ ئێستا بیبڕنەوە.. خوون بێت یان خێن، هەر.......؟!

لەپڕ لە مێردەکەی ڕوانی و قسەکەی بڕی.. سەرنجەکانی منیش دوای سەرنجەکانی ئەو کەوتن و گەیشتنە سەر قاچە بڕاوەکەی «باوکی عادیل»ەوە، کە ئەوسا خۆی لەسەر دارشەقەکانی بن باڵی ڕاگرتبوو و لە کەروێشکەکان ڕادەما.. یاخود وا دەهاتە بەرچاو، کە لەوان ڕادەمێنێت، چونکە ئاسان نەبوو بزانی لە کام لا دەڕوانێت و بیر لە چی دەکاتەوە.. بەڵام ئەو بەردەوام بیری دەکردەوە، بۆیە زۆر کەم دەدوا.. نەخێر، هەر نەدەدوا.. من نەدەچووە ئەقڵمەوە لە هەموو ژیانیدا وشەیەکی لەگەڵ ژنەکەشیدا وتبێت، کەچی «لەیلا»ی خوشکەگەورەی «عادیل» ئێوارەیەکیان بە کچێکی دراوسێمانی وت:

ــ وا مەڵێ.. ئەگەر دەزانی جاران چۆن بوو..!! بۆچی ئەوەی بەسەری هات، کەمە..؟!

دوایی وتی:

ــ ئاواش سەیری مەکە ئێستا لاواز و بێهێزە.. ئەوەندەی دوو کەس بوو.. یەکێکی دیکە بوایە لەجێگای ئەو، دەمرد.. هاوڕێیەکی بەرگەی حەفتەیەکی نەگرت و گیانی دەرچوو.

«دایکی عادیل» بیجامەی مێردەکەی لەپێش جلەکانی دیکەوە لەسەر تەنافەکە هەڵخست.. پۆپلینێکی هێڵدارە.. هێندەی ئاو هەڵمژیوە، گەورەتر لە قەبارەی خۆی دەکەوێتە بەرچاو.. ئەویش قاچێکی بڕاوەتەوە.. نەخێر، هەر لە ئەزەلەوە بۆیان نەکردووە.. جارێکی دیکەش مەسەلەی جەستە و پۆشین هاتەوە گۆڕێ.. کامیان لاسایی کامیان دەکاتەوە..؟! بەڵام منێکی منداڵ چی لەوە تێدەگەم..!! کامێرایەکەشی، ئەوەی جاران لەبن دیواری قەڵات وێنەی شەمسیی پێدەگرت، لەسەر

سێ قـاچی درێژی دار دەوەسـتـا .. پەڕۆیەکی ڕەشی وەکـو چەرمی گـامـێـشی پێـوە بووە.. من کـامـێـراکـەی ئەوم نەدیوە، بەڵام هەر لە پەنا دیواری قـەڵاتدا چەند پیـاوێکی دیکە هـەن و بەو کـامێـرایانە وێنە دەگرن، کـە ئەگـەر شـەوان لە کـۆڵانە تەسک و پێچـاوپێـچـەکـانی «سـەیداوە»دا بیانبینـی، وا دەزانی بێچووی زەڕافەن.. ئاسـان نییـە بە یەک قـاچ دانەیەکی ئاوا بەکاربـهێنیت.. «عادیل» پێم دەڵێت:

ــ ئێمە بە خوونی خۆمان دەڵێین خوون.. ئێوەش بە خینی خۆتان بڵێن خین.. باشە..؟!

من لە ترسی دایکی هیچ نـاڵێم، بەڵام وا هەست دەکـەم ئەو وشـانەی دەریاندەبڕێت، خـوێنیـان لێدەچۆڕێتـەوە.. قورگم پڕیەتی لە گریـان و دەمەوێت پێی بڵێم: «لەمـەودوا من بە خـوێنی ئێوە و بە خـوێنی خـۆمـان بە هی هـەمـوو هەولێرییـەکیش دەڵێم خـوون.. تۆ نازانی بەبێ ئەوەی مـەبەسـتت بووبێت بەو ڕسـتـە سـادەیە چۆن دڵت پڕ کـردم لە خـوون».. بیـر لەو جارە دەکـەمـەوە، کـە پێی وتم قاچی باوکیان لەناو گۆڕێکدا ناشتووە.. کاتێ خۆیشی مرد، هەر لەوێ لەگەڵ قاچەکەیدا دەینێژن.. بۆ شـەوەکـەی من چەند دەترسـام.. نەمدەوێرا بەتـەنیا هەتا هـەیوانیش بچم.. هـەر بەو تـرسـەوە لە پەنجـەرەوە دەمڕوانیـە ناو حـەوشـەوە.. ئەوسـا کۆنکرێتە وەنەوشـەییەکـەی حـەوشـەمـان وەکو هـەمـوو شـەوانـی پێـشـوو لە گـۆمـاوەکـەی پشت مـاڵە کـۆنەکـەمـان دەچوو، بەڵام زیـاتر لێی دەترسـام.. وامدەزانی ئێستا لە پەنا شتێکدا قاچێک دێتە دەرێ و بەناو ئەو حەوشەیەدا دەڕوات.. بە پایەکانی قـادرمەکەدا سـەردەکـەوێت و دەگـاتە سـەربان.. هێندەی پێناچێت لەسـەر سـتـارەکەوە خـۆی هەڵداتە خـوارێ.. بەناو قوڕ و لیتەی باخچەکەدا هەنگاو دەنێت و قـوڕاویی دەبێت.. پەیتـا پەیتا ئەو بۆقـانە دەپلیشـێنێتـەوە، کە تـەنها لـە خـەیاڵی شـێواوی مندا شـەوان دەرفـەت دێن و لەو گۆمـاوانەی نزیک مـاڵمـانەوە خـۆیان دەگـەیەنـنە ناو حـەوشـە و باخـچـەکە.. لەناکاو خـۆی بە پـەنجەرەی ژوورەکـەمـاندا دەکێشـێت و دەکـەوێتە سـەر زۆپای عـەلائەدینەکە.. زۆپا قلّپ دەبێـتـەوە و نوێنەکـانمان گڕ دەگرن.. خـەڵک لە هـەموو لایەکەوە بە سـەتڵ و تەنەکە ئاو دەهـێنن.. هـەر ئەوەندە بەسـەر ئاگرەکەیدا دەڕێژن، دەبێتە خوێن و بۆ ئاسمان فوارە دەکات.....

ئێسـتا ئەگـەر «پووره گوڵبەهار» بگری، ئێمە هەسـتی پێ ناکەین، چونکە فرمێسکەکانی تێکەڵ بەو دڵۆپە بارانـانە دەبن، کە بە ڕوومـەتـەکانیدا دێنە خـوارێ.. ڕەنگە هـەر ئەو گریـانەش بێت، ئاوا ناهێڵێت من بەچاکی لە قسەکانی تێبگەم.. تا ئێستا لام ڕوون نییە ئەو باسی چی دەکات.. یان ڕەنگە نەیەوێت لوغزی چیرۆکەکەی ئاشکرا بکات، تا ئەو کاتەی بۆ «عادیل سەلیم»ی دەگێڕێتەوە.. سـەیرە مـن هەتا ئێسـتاش نامـەوێت بە خاڵ و مـام و مامۆسـتا ناوی ئەو پیـاوە بهێنـم.. هـەر سوورم لەسـەر ئەوەی منداڵێکە لە تەمەنی خۆم....

وەکو هـەموو جارێکی دی، کاتێ لە ماڵە گامێشـەوانەکان نزیک بووینەوە، ترسـام و بەپارێزەوە هـەنگاوم نا، چونکە دەمزانی، یاخـود بینیبـووم گامێـشەکان بە شـاخی تیژیان پەلاماری خـەڵکیـان دەدا و بەشـێـوەیەکی ترسنـاک دەیانبـۆڕاند، بەڵام لەناکـاو دەنگی دەف و زنجـیـر تێکەڵ بـە دەنگی

دەیان پیـاو و قـیـژەی ژن و منداڵ هاتنە گـوێچکەمـانەوە.. دارەبازەیەک لەسـەر شـانی چەند دەروێشـێک دەبینم، کـە بە پەڕۆی سـەوز داپۆشـراوە.. دەیان دەروێشی دیکە لە دوایەوە دەڕۆن و بەدەم هاوار و سەڵەواتەوە چەقۆ و شمشێر لە سک و ڕان و قۆڵە ڕووتەکانی خۆیان دەدەن.. قژی درێژیان لە هەوادا تێکەڵی یەکدی دەبن.. وا دێنە بەرچاو پۆلێک قـەلەڕەشن و ترسـێکی لەپڕ لە زەوییـەوە بـەرەو ئاسـمـان هەڵیـفـڕاندوون.. هێندە قـایم دەف دەکـوتن، نەک هـەر گـیـانمـان، بگرە زەوییەکەی ژێریشمان دەلەرێننەوە.. ئێستا ئێمە وەکو ئەوە وایە بەسەر دەفێکی گەورەدا هەنگاو بنێین.. لەشمان سووک سووک.. ترسێکمان نییە ئەو دەفە گەورە و تەنکەی ژێرمان بتەقێنین.. لە حـاڵەتێک داین، نە لە فـڕین دەچێت و نـە لە نیـشـتنەوە.. دەروێشـەکـان، بەبێ ئەوەی گۆڕانێک لە خێرایی ڕۆیشتنەکەیاندا بکەن، جار جار تێکڕا دادەنەوێننەوە.. تۆ وا دەزانی دەفەکان بە ئەژنۆی خۆیان، یان بەو بەردانەدا دەکێشن.. دەیکەنە هـەزاران پارچە و کۆتایی بەو بـەزمە دەهێنن، کەچی زۆر لەپڕ بەدەم قیژەیەکی تووڕەوە بەرز دەبنەوە و دەفەکانیان بۆ سەر سەریان هەڵدەبڕن.. ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت لە سـەمایەکی بەجۆش داین.. زرڕەی زنجیری قەراغی دەفەکان، کە پەنجە حـاڵلێـهـاتووەکـان شـێتـانە دەیاندەن بە یەکدا، وەکو پۆلی سـەرباز ڕێتمی هەنگاوەکانی ئێـمـە و ڕێبـوارانی دیکەی ئەم دەوروبەرە هاوڕێک دەکـەن.. دەسـتـەکـانمان بـەهەمـان ئاڕاسـتـەی یەکدی دەجـووڵێنن.. ئۆی گـامـێشـەکانیـان لەبیـر بردمـەوە..!! ئەگـەرچی لای من ئەو چەرمـە ئەسـتـورو و ڕەشەیان کاتێ لە بەرتیشکی هەتاودا دەبریسکێتەوە، جوانترین شتە و پێم خۆشە بەقووڵی لێیان بڕوانم.. دەمم پڕی دەبێت لە ئاو.. «سـەرتوێژی گـامـێش چەورە».. ڕسـتـەیەکی ئاوا بەسـە، کـە تۆ لەوپەڕی تێـرییدا برسـیی بکات.. لە پۆل داڵغـەت بڕوات و ئاگات لە مـامۆسـتـا نەمێنێت.. کـەچی دایکم بێزی نایەت وەکو ژنانی دیکەی گەڕەک لەو پیاوەی بکڕێت، کە بە کەرێکی ڕەش دەیهێنێت و بەجوانترین شێوە بانگ دەکات: «هـەی مـاست.. هەی قـەیمـاغ.. هەی ماست.. هەی قـەیماغ».. لە گوێچکەمدا وا دەزرینگێتـەوە، کە دەڵێت: «هەی مـاغێ.. مـاغێ.. ماغێ».. قـەیماغی زۆر سـپی و چەرمی ئێجگار ڕەش.. ئەو ڕەنگانە مـن شێت دەکەن.. نەخـێـر، ئەو ترسـە ڕێگام نادات، ئەگـینا دەمـەوێت دەست بە یەک بە یەکـیـاندا بهێنم، کـە تەنهـا بـەچاو دەزانم چەندێ لووسـن.. «لەیلا»ی خوشکەگەورەی «عـادیل» تەنوورەیەکی ڕەشی بۆ قوتابخانە دەپۆشی.. من هەرچەند لێیم دەڕوانی، چەرمی ئەو گامێشانـەم بیر دەکەوتەوە.. جلەکانی دایکیشی ڕەش بـوون، بەڵام هی ئەو لە چەرمی گامێش نەدەچوون.. نازانم مـن چۆن دەمتوانی جیاوازیی لەنێوانیاندا بکەم.. ئەدی ناڵێن ڕەش هەر ڕەشـە..؟! لە حـەوشـەی ئەواندا جـووڵە و تێکقـژقـژانی کـەروێشکەکـان لە هەمـوو شـتـێک زیاتر سەرنجیان ڕادەکێشام.. لێرە و لەوێ هەڵدەبەزین و ئەو سەوزە و میوە بێکەڵکانەیان دەخـوارد، کە «عـادیل» و خـوشکەکـانی لەنـاو بەرمـیلی بەردەمی دووکـانەکـانی لای «حـەمـامی ئیـسـکان» بۆیان دەهێنان.. ئەوەندە زۆر بوون، خـۆشـیـان نەیاندەزانی ژمـارەیان چەندە.. ئەگـەرچـی لای ئەوان ژمـارەیان لە تووکی نەرم و گـوێی قـوت و چاوی هەناریـیـان گـرینگتـر بوو.. دایکیـان هـەر زوو زوو

هەندێکیانی دەخستە ناو قەفەزی تەلبەندەوە.. وەکو ژنە هەژارێکی ناو چیرۆکان دەیبردنە بازاڕ و دەیفرۆشتن.. «باوکی عادیل» لە بنکی قەفەزێکدا هەندێک خۆڵی ڕۆکردبوو و گوڵێکی تێدا ڕواندبوو.. ئەمە لای من سەیرترین دیمەنی نیشان دەدا.. نەمدەتوانی لەو هەستە تێبگەم، کە لە دڵمیدا دەورووژاند.. نەمدەزانی ئاسوودەییە، یان پەژارە.. سەرەتا وای بۆ دەچووم لە ترسی کەروێشکەکان وایکردووە، نەبادا بیخۆن، بەڵام پاشان گەیشتمە ئەو باوەڕەی دەیەوێت بڵێت لە هەموو ماڵەکەدا، بگرە لە تەواوی دنیادا، تەنها ئەو گوڵەی ناو قەفەزەکە هی ئەوانە.. نەخێر، ڕەنگە کۆمەڵێک مەبەستی دیکەی هەبووبێت.. کەروێشکەکان هی ئەوان بوون، بەڵام من لەوان زیاتر چێژم لە بینینیان وەردەگرت.. «حاجی ڕەمەزان ڕەیحانی»ی خاوەنی خانووەکەشیان بەپێچەوانەی من دڵی پێیان تەنگ دەبوو.. هەر زوو زوو دەهاتە سەریان و نارەزاییی دەردەبڕی.. کاتێ دەڕۆیشت «عادیل» دارێکی وەک گۆچانەکەی ئەوی بەدەستەوە دەگرت و لاسایی قسەکانی دەکردەوە، کە هێندە بە ڕقەوە دەیوتن، وەک تیشکی ئاگر لەژێر ددانە ڕزیوەکانی دەردەپەڕین.. «عادیل» بە دارەکەی دەستی ئاماژەی بە کونی کەروێشکەکان دەکرد و دەیوت:

ـ باشە ئەوە سەریتی.. بەس دەزانن بنی لە کوێیە..؟! قوولە قوولە..!! لە گۆڕی باوکمایە.. ئەگەر ڕۆژێ نەڕووخا، بزانن من شیری حەرامم خواردووە.

ئەوەتا وا بەسەر بەردەبازەکانی ناو ئەو جۆگەلەیەی لای ماڵە گامێشەوانەکاندا دەپەڕینەوە.. بەڵام ئەو بەردانەی لەژێر ئاوەکەدا نقووم بوون و بە لێڵی دەبینرێن، لە کۆمەڵێک دەموچاوی شێواو و خەمناک دەچن.. چ ئەوان و چ گەورەکانیش، کە لەسەر سک نووستوون و پشتیان گەیشتۆتە سەرووی ئاستی ئاوەکە، ئارەزووی خۆیانە لە چی دەچن و لە چی ناچن، ئێمە قاچیان دەخەینە سەر و دەپەڕینەوە.. بۆ پەڕینەوەش ئەوە گرینگ نییە، تۆ چەند توانات هەیە، بەڵکو ئەوە گرینگە جەستەی تۆ چەند فێڵ و چەند هونەر دەزانێت.. ڕێک لە سەما دەچێت.. سەمایەکی تەواو جیاواز لەو سەمایەی تاوێ لەمەوبەر دەف و زنجیر و هایوهووی دەروێشەکان دوور لە خواستی خۆمان پێیان دەکردین.. نابێت خەیاڵت بڕوات و بیر لە ڕابردوو یان لە داهاتوو بکەیتەوە.. دڵت خۆشە یان ناخۆش، دەبێت کەمەرت بلەرزێنیت.. دەستەکانت وەکو سەوڵی بەلەم بەملا و بەولادا بجووڵێنیت.. ئەوەتا دایکم و «پووره گوڵبەهار»یش دوور لە خواستی خۆیان سەما دەکەن.. ئەگەرچی دەزانم نابێت بە هیچ ژنێکی کوێی بڵێم پوور و دادە، بەڵام ئەو حاڵەتەی ئەوی تێدایە، هەموو سیما کوێیانییەکەی شاردۆتەوە و چوار جار بەقەدەر خۆی دەریخستووە.. ئەو بارانەش ڕەنگی ئاوەکەی گۆڕیوە.. لە ڕەنگی هەورەکان دەچێت.. ناکرێت بە جوانی نەزانی، هەتا ئەگەر سوور بزانی هەمان چڵکاوی ڕۆژانە.. ڕەنگ ئاوایە.. پیسی و پاکی نازانێت.. لە هەر کوێ و لە هەر کاتێکدا بیەوێت، دەردەکەوێت و هەموو شتێک دەخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە.. ئەوەتا بیرت دەباتەوە، کە پەڕینەوە مانای گەیشتنە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی جیاواز.. باشە کێ بە منی وتووە ئەو پێناسەیە بۆ پەڕینەوە بکەم..؟! ئەدی بۆ پەڕینەوە ئەو شوێنە نەبێت، کە دوو شوێنی تۆراو بەیەکتر ئاشت

دەکاتەوە..؟! هەر خێرا لەوەش پەشیمان دەبمەوە و دەڵێم پەڕینەوەیە شوێنەکان لە یەکتری دادەبڕێت.. دەئاخر لێکترازانیش نەبا، کەس پەڕینەوەی نەدەناسی.. لەو دەشتەی نێوان ماڵی خۆمان و قوتابخانە هەر ئەوەندە من زمانم سووتا و بە «عادیل»م وت:

ـ لەسەر خۆڵی ڕێگاکە.....

ئەو وەکو شیری سەر ئاگر هەڵچوو و پێی وتم:

ـ ئای کە قسەیەکی بێمانایە..!! دەبێت بڵێی لەسەر ڕێگاکە، چونکە ڕێگاکە هەر خۆی خۆڵە.. قابیلە ڕێگاکە ئاسن بێت و خۆڵیان لەسەر ڕۆ کردبێت..؟!

ـ هەمووشی هەر خۆڵ نییە.. ئەگەر زۆر زۆر هەڵیکۆڵین، دەگەینە ئاو و خۆڵ نامێنێت.

ـ بەڵام ئەو کاتە پێی دەوترێت بیر، پێی ناوترێت ڕێگا.. ئێمە باسی ڕێگا دەکەین.

ئێمە بپەڕینەوە و نەپەڕینەوە، ئەوا لەوبەر هەر بەژێر کەپری دووکانەکانی ناو بازاڕدا دەڕۆین.. کەواتە ئێمە ئێستا لە ماڵی ئەو پیاوە نزیکین، کە لە منداڵێک دەچێت.. بەڵام دیمەنی دارەبازەکە و دەروێشەکان لە بەرچاوم لاناچن.. ئەگەر لاش بچن، هەر خۆم دەیانهێنمەوە.. چێژ لەوە دەبینم خۆم بترسێنم.. وەکو ئەو شەوانەی قاچەکە لە گۆڕستانەوە دەهاتەوە و لەسەر دیوارەوە خۆی هەڵدەدایە حەوشەمانەوە.. پەنام بۆ سەدان فێڵ دەبرد هەتا لە بەرچاومی لابەرم، کەچی سووک و ئاسان دەمهێنایەوە.. «خوون»ی لێ دەچۆڕایەوە.. وردە وردە هەموو شتێک لەو تیشکە باریک باریکانە دەچوون، کە دوای ئێوارە لە ڕۆژ بەجێدەمان و وەکو پەشمەک لەسەر ڕووی ئەو ئاسمانە لێڵەدا دەتوانەوە.. هیوام دەخواست ڕۆژێ لە ڕۆژان کڵاوەکەم بگەیەنمە ئەوێ و بەو تیشکانە بۆیەی بکەم.. چێژی ترس لە هیچ چێژێکی دیکە ناچێت.. ئەمە دەزانم و ناشتوانم بە کەسی بڵێم.. نەء، چەند جار ویستم ڕووم لە دارەبازە و دەروێشەکان وەرگێڕم و نەمتوانی....

پیرەمێردێک قەلەموونێکی نێری پێیە.. قاچەکانی بە پەڕۆ لە یەکتر گرێ داون.. وا لە پێش ئێمەوە بە لەرزە لەرزە قاچی باریکی لەسەر بەردەبازێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگوازێتەوە و هەر دەبۆڵێنێت.. لەسەر شێوازی خۆی سەما دەکات و جنێو دەدات.. ئاخر ئەوسا، پێش بگەینە بەردەبازەکان وتی گوایە شێخێکی زۆر گەورە مردووە.. کوڕێکی چواردە پانزدە ساڵان بەدەم قاقایەکی سەیرەوە، کە نازانم بۆچی ویستم لە چاوی بکەمەوە؛ وتی:

ـ ئێسقانی پارە ڕیخۆڵەی هەڵدڕیوە.

پیرەمێردەکە بۆ بەردێک دانەویەوە و ئەو ڕایکرد.. بەردەکەی تێگرت، ئەگەرچی سوور دەیزانی پێی ناگات.. لەگەڵیدا سەدان جنێوی بۆ دایک و باوکی نارد.. سەری هەموو جنێوەکانیشی بە «ئێسقانی پارە» دەستی پێدەکرد.. «ئێسقانەی پارە لە.....».. قەلەموونەکەی بن باڵی جووکاندی.. تمەز لە حەژمەتان ڕایگوشیبوو.. بە چەپۆک تێیکەوت.. دەیان جنێویشی بەو دا.. بە ئێمەی وت، کە سەدان کەس لەسەر دەستی ئەو شێخە تۆبەیان کردووە.. نازانم تۆبە چییە و چۆنە..؟! بەڵام مرۆڤ چۆن دەتوانێت لەسەر دەستی یەکێک تۆبە بکات..؟! ڕێی تێدەچێت کۆترێک لەسەر دەستی من

هەڵبنیشێت، دەکرێت درێژترین وانەی ناو کتێبی «ئەلف و بێ»ی پۆلی یەکەم لەسەر قۆڵی «ڕزگار»ی هاوڕێم بنووسم، بەڵام پیاوێک چۆن لەسەر دەستی پیاوێکی دیکەدا تۆبە دەکات..؟! چۆن جێگای دەبێتەوە..؟! چاوانی «پوورە گوڵبەهار»یش وەکو چاوانی قەلەموونەکە دەڵێی دوو دڵۆپ ڕۆنن و سەر ئاو کەوتوون.. خەمناک خەمناک ڕێگا دەبڕێت.. جووتە پێڵاوە هاوینییەکەی، کە پاپووجی ئێرانیین، ئاویان لێ دەچۆڕێتەوە.. جار جار لێوی خوارەوەی دەخاتە ژێر ددانەکانی و گازی لێدەگرێت.. قسەیەکی پێیە و بە «عادیل سەلیم»ی دەڵێت.. بەڵام «عادیل سەلیم» کێیە..؟! پیرەمێردەکە جار جار قەلەموونەکەی دادەنێت و تاوێک پشوو دەدات، کەچی هەر خێرا هەڵیدەگرێتەوە و نایەوێت لە ئێمە دابڕێت.. دایکم بەشێوازە تایبەتییەکەی خۆی لێی پرسی:

ــ مادام ئەوەندەت ئەو شێخە خۆشدەوێت، بۆچی بەگەڵ ئەو دەروێشانە نەکەوتی..؟!

ــ عەلەشیشەکە نەیهێشت.

ــ ئەویشت ببردبایە.

پیرەمێرد لە قەلەموونەکەی ڕوانی و پێکەنی.. چرچەکانی دەموچاوی، کە لە پڵێتی لامپا دەچوون، زیاتر دەرکەوتن.. وا تێگەیشتم دەیەوێت بەو پێکەنینە بە دایکم بڵێت ئەو حەیابەرەیە چۆن بەرێتە ئەوێ.. لەگەڵ هەر هاوارێکدا ملی گەزێک درێژ دەکات و دەڵێت عەلیقول قول قول.. عەلیقول قول قول.. لەناو گۆڕە بەتاڵەکەی شێخدا دەنگ دەداتەوە و ڕەنگوڕووی هەموویان دەگۆڕێت.. لەوانەشە مەبەستێکی دیکەی هەبووبێت، بەڵام من لێی تێنەگەیشتبێتم.. «حاجی ڕەمەزان ڕەیحانی»ی خاوەنی خانووەکەی ماڵی «عادیل»یش لەو پارچە زەوییەی تەنیشت ماڵیانەوە، کە شوورەیەکی بۆ کردووە، دەیان قەلەموون بەخێو دەکات.. «ئەمیر»ی کوڕەزای بۆی گێڕاینەوە، کە باپیری هەموو نێرەکانی خەساندووە.. هەتا بەتەمسیل بۆی نەکردین، نەمانزانی ئەو وشەیە چ مانایەکی هەیە.. لەناو ئەو ترس و ڕامانەشدا هێشتا توانیمان لێی بپرسین بە چ مەبەستێک وای لێ کردوون، هەتا ئەویش بەو شێوازە سەیرەی خۆی پێمان بڵێت بۆئەوەی لەلایەک بەسەر مێیەکاندا نەتسێن و لاواز نەبن.. لە لایەکی دیکەش کەم بجووڵێن و زۆربەی کات بنوون.. ئینجا بە خواردنێکی کەم، زیاترین گۆشت دەگرن.. من نازانم بۆچی لەپاڵ ئەو هەموو بەزەییەدا قێزیشم لەو قەلەموونانەی «حاجی ڕەمەزان ڕەیحانی» دێتەوە...

پیرەمێردەکەمان لێ ون بوو.. نەخێر، ئێمە لەو ون بووین.. بازاڕ ئاوایە.. شتەکان دەشێوێنێت.. ئەوە لای خۆی بە دایکمی وت قەلەموونەکەی چیرۆکێکی سەیری هەیە و بۆمانی دەگێڕێتەوە.. لەناو ئەو حەشامات و تێکقژقژانەدا ئاسان نییە چیرۆکێک تا کۆتایی بگێڕیتەوە.. کێ دەڵێت «پوورە گوڵبەهار»یش دەتوانێت چیرۆکی خۆی بۆ «عادیل سەلیم» بگێڕێتەوە...

«ئەمیر»ی کوڕەزای «حاجی ڕەمەزان ڕەیحانی» چاک دەیزانی ئەگەر باپیری ماڵی «عادیل» لە خانووەکە دەربکات، لە ترسی ئەوەی نەبادا کەروێشکەکان بیرمێنن، ئەوا چ خۆی و چ پوورەکانیشی لە بینینی تەلەڤزیۆن بێ بەش دەبن و دەبێت وەکو زۆر منداڵی دیکەی گەڕەک بچێتە

گـازینۆی «فـاتم نانـەوا» و بە پێنـج فلس سـەیری بکات.. ئەوسـا باپیـری دەهـات بە گـۆچان هـەتا مـاڵەوەی دەهێنایەوە.. بە تفیش شـاشـەی تەلەڤزیۆنەکەی سـواغ دەدا.. بەڵام «ئەمـیر» چەند جـارێ پێی وتین، کە هـەر کاتێ باپـیری بمرێت، ئەوان دەسـتبـەجێ تەلەڤزیۆنێک دەکرن.. تا ئێسـتا کـەسم نەبینیـوە ئاوا وەکو ئـەو شـێتی تەلەڤزیۆن بێت.. ناوی هـەمـوو ئەکتـەرە سـینـەماییەکانی دەزانی.. لاسایی زۆربەیانی دەکردەوە.. بەڵام بەدەنگی خۆشی گۆرانییەکانی بەشێوەیەکی سەیر دەچری.. هـەردەم پێی لەسـەر ئەوە دادەگرت، کە «نەجیب رەیحانی» ئامۆزای باپیریەتی.. ئێمە دەمانزانی ئەو ئەکـتـەرەی بە دامـەزرێنەری سـینـەمـای مـیـسـری دادەنرێت، کـوردە و باوکـە بـازرگـانەکـەی لە «کـوردسـتـان»ەوە بۆ «مـیـسـر» کـۆچی کـردووە، تەنانەت ئەگـەر جـوان لێی وردبیـتـەوە، دەزانی لە پیـاوەکـانی «گـەڕەکی سـەیداوە» دەچێت، وەکـو ئـەوان لەوپەڕی ناخـۆشـیـیـدا خـۆشـی و لەوپەڕی خۆشییدا ناخۆشیی بەدەموچاویەوە دەبینی، بەڵام ئاسان نەبوو باوەڕ بکەین ئامۆزای باپیری ئەو بێت.. با نازناوی هـەردووکیـشـیـان هـەمـان شت بێت.. ئەم لە کوێ و ئەو لە کوێ..!! ڕۆژ بەڕۆژیش زیاتر ڕقی لە باپیری هەڵدەستا.. دەیوت «ڕەیحانی»یەکەی لێ دەربچێت، کە بۆ نازناوی ئەکتەرێکی لێهـاتوو دەست دەدات، ئەگینا ڕیقنەی قـەلەمـوونەکانی لە خـۆی باشـترن.. زۆر جاریش خـەتاکەی دەخـسـتە سـەر «مام جەبار»ی دراوسێیان.. دەیوت ئەو پێی وتووە، کە هـەر دنیا تاریک داهات، ئەو تەلـەڤـزیۆنـە ژنی ڕووت پیـشـان دەدا.. باپیـری چەندین شـەوی زسـتـان لەو سـەربانەی خـۆیان دادەنیشێت و لەو ئالیـەرە دەڕوانێت، بەشکو ئەو ژنانە ببینێت، کە گوایە وەکو چۆن بەڕۆژ باڵندەی لەسـەر هـەڵدەنیشێت، ئاوا بـەشـەویش ئەوان بەڕووتی لەسـەری هـەڵدەنیشن.. تووشی نەخـۆشییەکی قـورس دەبێت و لە مـەرگ دەگـەڕێتـەوە.. ئینجا «مـام جـەبار» تێیـدەگـەیەنێت، کـە بەزمـەکـە لە ژوورەوەیە.. نەمـاندەزانی ئەوە ڕاستییە، یان «ئەمـیر» خـۆی هـەڵیبەسـتووە، چونکە ئەو شـتـانەی لە دەست دەهـات، بەڵام ئەوەمـان لا ڕوون بـوو، کـە «حـاجی ڕەمـەزان ڕەیحـانی» چـەند دوژمنی ئەو ئامێرەیە.. «ئەمیر»یش بەردەوام ئەو ساتەی دەهێنایە بەرچاوی، کە ئەو لەناو بێخـەفە ڕزیوەکەیدا گیـانی دەردەچێت، یان لە بەردەرگـای حـەوشـە قاچـەکانی لـەبار یەکتر دەچن و بە پشـتا دەکـەوێتە سـەر ئەو زەوییـە ڕەقـەڵانە، بەڵام ئەو هەنگاوە چوسـتـانـەی وایان پیـشـان نەدەدا، کـە خـەونی کوڕەزاکـەی وا بەئاسانی ببێتـە ڕاستی.. گۆچانەکەیشی زیاتر بۆ ترس و سام بەدەسـتـەوە دەگرت، نەوەک بۆ ڕۆیشـتن و هـاوسـەنگی.. کـاتێ دەچـووە سـەر مـاڵی «عـادیل»، بـە قـایم لە دەرگـا و دیوارەکانی دەکوتا.. یان بە هـەمـوو هێزی خـۆیەوە بـۆ کەروێشکەکانی ڕادەوەشاند.. منیش وەکو زۆر منداڵی دیکەی گـەڕەک بیسـتم، گوایە «ئەمـیر» بەتـەمـایە شـەوێک لە خـەودا باپیـری بخنکێنێت.. یان ژەهری مـشـک و جرجی بۆ بکاتە چێشـتـەوە.. لەگـەڵ هـەمـوو ئەوانەشـدا ئەو ڕقـەی لـە باپیری هـەڵگرتبـوو، لەوەدا یارمـەتیی دەدا، کە بـتوانێت بەچاکترین شێوە لاسـاییی بکاتەوە.. ئەوەش هـەر خۆی مـەشـقێکی باش بوو لەوەی، کە لە ئایندەدا کـاتێ دەبێتـە ئەکتـەر، کتومت ڕۆڵی پیرەمێردێکی کەللەڕەقی شەڕانی ببینێت.. ئاخر ئەو بەردەوام پلانی دادەنا چۆن لە ئێستاوە خۆی پێ بگەیەنێت،

بۆئەوەی چەند ساڵێکی دیکە سەر هەڵگرێت و ئێرە بەجێبهێڵێت.. سەرەتا بچێتە «میسر» و ناوبانگێک بۆ خۆی پەیدا بکات، لەوێشەوە ڕێگای «ئەمەریکا» بگرێتە بەر و بەهۆی فیلمە یەک لەدوای یەکەکانی بگەڕێتەوە.. لەسەر دیواری حەوشەی «قوتابخانەی قازی محەمەد»دا دەستەکانی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و ڕایدەکرد.. زۆر جاریش هەردووکیان لەدواوە بۆ دەبەست و دەبوایە بە هەنگەشەلێ لەمسەرەوە بچێتە ئەوسەر.. ئەگەرچی چەند جارێک کەوتە خوارێ و قاچی لە جێ چوو، یەک دوو پەراسووی شکا، ناوچەوانی قرنجا، بەڵام ئەنجام ڕاهات.. بە پایەکانی قادرمەی ئەو تانکییە بەرزەی «سەیداوە»دا سەردەکەوت و هێندەی کۆترێکی لێدەمایەوە.. لەوێوە وێنەی ئەکتەرێکی لێهاتوو قسەی دەکرد و دەنگی دەدایەوە.. ژیانی وی بەردەوام لە مەترسییەکی گەورەدا بوو.. کەس نەیدەزانی چۆن لێیان دەرباز دەبێت.. بەڵام ئەو جارەی خۆی هەڵدایە ژێر تایەی ئۆتۆمۆبیلێک، گوایە دەیەوێت بەتەمسیل وای پیشان بدات لێی داوە و بەڕاستییش بەرینەکەوتووە، زۆری نەمابوو ئەو دۆجە لەگەڵ قیرەکەدا بیکاتە یەک.. شوفێرەکە ڕەنگی زەرد زەرد هەڵگەڕا.. باریکەیەکی گەنج بوو.. بە کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەشەوە دابەزی و لێی پرسی:

ــ ئەوە تۆ بۆ وات کرد کوڕی نازانم کێ..؟!

یەکێ لە هاوڕێکانی پێی وت:

ــ ئەوە تەمسیلە.. چەند ساڵێکی دیکە دەچێتە میسر و دەبێتە ئەکتەر.

شوفێرەکە هێندەی دی تووڕە بوو:

ــ باشتر نییە پێشتر دایکی بنێرێت، بەشکو هەتا ئەم دەگات، ئەو لەو تیاترۆخانانەی ئەوێ جێگایەکی باشی بۆ بکاتەوە..؟!

«مازن ئەحمەد»ی پوورزای، کە لە هەمووان زیاتر هانی دەدا ببێتە ئەکتەر، بە کابرای شوفێری وت:

ــ تۆ ئێستا گاڵتەت لەم قسانە دێت، بەڵام دەبینی چۆن ڕۆژێک وەکو نەجیب رەیحانیی ئامۆزای باپیری کچی جوان جوان ماچ دەکات.. تۆش زەقەی چاوت دێت و لەو تەلەڤیزیۆنە تەماشای دەکەیت.

ــ با جارێ دایکی بچێت وەکو هیند ڕۆستەمی پوورزای و هودا سوڵتانی خاڵۆزای لە فیلمێک لە باوەشی ڕوشدی ئەبازە بێت و لە یەکێکی دیکە عیماد حەمدی هەڵیپەڕێنێت، ئینجا ئەو کاتە....

«مازن ئەحمەد» وتی:

ــ ئەو کاتە پوورم سەری خۆمان و گەڕەکەکەشمان بەرز دەکاتەوە.

ئەو هەموو ڕۆڵێکی لێدەهات.. هی خەمناک و هی پێکەنیناوی.. هەرچییەکی بەشەو لەو تەلەڤزیۆنەی ماڵی «عادیل» بدیبا، بەڕۆژ لە چاوی دەکردەوە.. دەگریا.. فرمێسک بەڕاستی لەو چاوانەی دەهاتنە خوارێ.. پێدەکەنی.. دەتریقایەوە.. دەبووڕایەوە.. لەپڕ دەیکردەوە گریان.. ئەوەی نەیدەهێشت «دایکی عادیل» لێی بێزار ببێت و وەکو ئەندامێکی خێزانەکە لێی بڕوانێت، ئەوە بوو،

که ئەو بەتەنها دەیتوانی لە زمانی کچە نەخۆشەکەی تێبگات.. لە ڕاستییدا ئەو ناوی «ڕێزان» بوو، بەڵام چونکە بەدەست دەردێکی پیسەوە دەتلایەوە، لە گەڕەک هەر بە «کچە نەخۆشەکە» ناوی دەهێنرا.. تەمەنی دەگەیشتە چوار پێنج ساڵ، بەڵام لە منداڵی ساوا دەچوو.. بەردەوام دەیانکردە باوەش و هەر دەنووزایەوە.. ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر چاوەکانی بە قووڵدا دەچوون و پێستی دەموچاوی چرچ هەڵدەگەڕا.. سەرەڕای ئەو دەستکورتییەشیان جلی جوان و ڕەنگاوڕەنگیان لەبەر دەکرد، بۆئەوەی کەمێ ڕەنگە زەردەکەی بشارنەوە.. بە گوریس جۆلانەیەکیان بۆ ساز کردبوو.. زۆربەی کات باوکی ڕایدەهەژاند.. خۆی لەسەر دارشەقەکانی بن باڵی ڕاگیر دەکرد و بەردەوام پاڵی پێوە دەنا.. ئەوسا زیاتر خەیاڵی دەڕۆیشت، بۆیە هەندێک جار سەری دەسووڕا و دەکەوتە سەر زەوییەکە.. هەموو ئەو شتانە نەیاندەتوانی ئازارەکانی «کچە نەخۆشەکە» نەهێڵن.. «ئەمیر» لێی وەردەگرتن.. بەملا و بەولایدا دەبرد.. خۆی بۆ دەکرد بە پشیلە و بە سەگ و بە هەموو جۆرە ئاژەڵێکی دیکە.. هەمان دەنگی ئەوانی لە قوڕگی هەڵدەستاند.. دەیهێنایە پێکەنین.. وا هۆگری بووبوو، بەدوایدا دەگریا.. زۆر جار لە باوەشیدا دەنووست.. ئەو ڕۆژەی «کچە نەخۆشەکە» مرد، «ئەمیر» بەڕاستی گریا.. بەڵام ئەو ئێوارەیەی باریان کرد، نەتدەتوانی ناو لەو حاڵەتە بنێیت، کە بە سیمایەوە دەبینرا.. من هەرگیز ئەوەم بیرناچێتەوە، کاتێ وتی:

ـ ئێوە دەزانن چەند بێچووەکەروێشکی چاونەپشکووتوو لەناو ئەو کونانەدا بەجێماون، کە باپیرم و باوکم پڕیانکردنەوە..؟!

دەتوت بەڕاستی لە بەرامبەر ئەکتەرێکی لێهاتوو داین.. بەڵام ئەو بۆ تەلەڤزیۆنەکە دەگریا، نەوەک بۆ کەروێشکەکان....

ئێستا دوور نییە لەناو ئەم بازاڕە «دایکی عادیل» ببینین، کە قەفەزێک کەروێشکی پێیە و دەیانفرۆشێت.. لەوەتەی باریانکردووە، نەمدیون.. وتیان لە «سەعدوناوە» خانووێکی دیکەیان بە کرێ گرتووە.. نازانم بۆچی ئەوەندە پەرۆشی بینینیانم.. لە گەڕەکی ئێمە گوتەیەک هەیە دەڵێت: «کاتێ بۆ بینینی یەکێک بەپەرۆشیت، ئەوە دەتەوێت شەڕی لەگەڵدا بکەیت».. نا، بەتەمای شتێکی ئاوا نییم، بەڵام لە ئێستاوە دڵنیام، کە لە ڕووم نایەت بیاندوێنم.. هەر دەڵێی تاوانائێکی زۆر گەورەم لە هەقدا کردوون.. شوفێری دۆجەکەشم لە ڕۆژی زەماوەندی خاڵمدا بینیەوە.. لە پیاوە تووڕەکەی ئەو ڕۆژە نەدەچوو.. دەرکەوت خزمی خۆمانە.. نوکتەی دەگێڕایەوە و هەموویان لە قاقای پێکەنینیان دەدا.. شەرم ڕێگای پێ نەدەدام لێی بپرسم دەزانی ئەو کوڕەی خۆی خستە ژێر تایەی ئۆتۆمۆبیلەکەی تۆوە و لە مردن گەڕایەوە، دوایی چی بەسەر هات..؟! ڕەنگ بوو بیپرسیبا: «سەری خۆی هەڵگرت..؟! کردی بە ڕاست..؟! گەیشتە میسر..؟!».. بەڵام لەناو ئەو هەموو گەورەیەدا کێ گوێی لە منداڵێکی وەکو من دەگرت، هەتا ئەگەر بیانزانیبا چیرۆکێکی کاریگەرم پێیە و دەتوانم کەم و زۆر، با پچڕ پچڕیش بێت، هەر بۆیانی بگێڕمەوە.. لە ڕاستییشدا من ڕووداوەکەم بە چاوی خۆم نەبینی.. کاتێ گەیشتم، پەردەی شانۆکە دادەدرایەوە.. تەنانەت ئەوانەی لەوێش بوون،

نەیاندەتوانی پێمان بڵێن چییان بینیوە و بەوردی بیگێڕنەوە.. ئەو جارە «مازن ئەحمەد»ی پوورزای تایەیەکی ئۆتۆمۆبێلی بە قەدەر تایەکەی پێشووی هێنا.. بردیە هەمان شوێن و نەوتی بەسەردا ڕشت.. گڕی تێبەردا.. بە دارەکەی دەستی شوێنێکی لە نزیک تایەکە نیشان کرد و وتی:

ـ ئەو لێرە قەڵەمبازی هەڵدەدا.. وا نییە..؟!

ـ با، ڕێک لەوێ بوو.

ـ هەموو جارێکیش لەودیو دەکەوتەوە.

ـ ئا، بەڵام دواینجار....

ـ منیش ئەوە دەڵێم.. بۆچی بەتەنها ئەوجارەیان......؟!

ـ بەڵام ئەو سوێند دەخوات و دەڵێ منداڵ درۆ دەکەن.. من هاتووم دووریان بخەمەوە و ئاگرەکەش بکوژێنمەوە.

ـ ئەدی خۆ ناڵێت قاچم خستە بەر قاچی و.....

دوایی هەر «مازن ئەحمەد» خۆی وتی:

ـ باشە بۆچی بە خەڵک دەڵێت ئەوەی دوای شەیتان بکەوێت، ئاوا خوا لەسەر زەوی دەیخاتە دۆزەخەوە و دەیکاتە خۆڵەمێش..؟!

ئەگەرچی نمنمەی باران وەستاوە، بەڵام بۆنی خۆڵەکە هێشتا لە توانایدا ماوە پێمان بڵێت گۆڕانێک ڕوویداوە.. هەر ئەو گۆڕانە بە سیمای بازاڕیشەوە دیارە.. ڕەنگە زۆربەیان بیر لە جلی زستانە بکەنەوە.. کەپری دووکانەکان قوڕاویان لێدەتکێت.. سەرنج لە میوەی سەر عەرەبانەکان دەدەم.. هەر عەرەبانچییە و بەشێوازی خۆی پێیاندا هەڵدەدات.. هەنارەکان شەق بوون.. دەڵێی دەمیان بۆ قسە کردۆتەوە.. ئەو دەنکە قاوەییانە کۆمەڵێ پیتی گەورەی ئاودارن.. دەتوانم بڵێم لە من دەچن.. دەستی ژنان لەژێر عەباوە دێنە دەرێ و بەو پەنجە بزێوانە یەک بە یەکیان دەخەنە ناو زەنبیلەکانەوە.. ئەو ڕووداوەی «ئەمیر»یش ڕوخساری گەڕەکی ئێمەی گۆڕیوە.. شتی سەیر سەیری بەدوای خۆیدا هێناوە.. «حاجی ڕەمەزان ڕەیحانی»ی باپیریشی هیچی لەوەی جاران ناچێت.. هەر خێرا تەلەڤزیۆنێکی کڕی.. لە کاتژمێر شەشەوە هەتا کاتژمێر یەکی شەو بەدیاریەوە دەبێتە بت.. متەق لە خۆی دەبڕێت.. مەگەر بۆ گۆڕینی کەناڵەکان هەستێتەوە و قرچ قرچ پەنجە بە دوگمەکانەوە بنێت، ئەگینا وەکو «مازن ئەحمەد» دەڵێت بەردەوام پشتی بەو دیوارەوە داوە و لێی ڕادەمێنێت.. لە «کەرکووک»ەوە بۆ «بەغداد» و لەوێوە بۆ «موسڵ».. جارێک کوردی و جارێک عەرەبی.. ماوەی بەرنامەی تورکمانییش لە دەست خۆی نادات.. بەڵام خۆشترین ڕۆژ لای ئەو هەینییە، چونکە لە بەیانییەوە هەتا دوای نیوەڕۆ بەرنامەکان پەخش دەکرێن....

دایکم لەپڕ تووشی دوو دەستەخوشکی خۆی دەبێت.. منیش دەیانناسم.. دراوسێی ماڵی نەنکمن لە «کۆماری».. وەکو هەموو جارێکی دیکە، بەبێ ئەوەی گوێ بە قەرەباڵغی بدەن، گاڵتە سەیر سەیرەکانی خۆیان لەگەڵ دایکم دادەمەزرێنن.. تۆپەڵێک جنێوی پێدەدەن.. بەڵام لەپڕ

هەردووکیان بێ دەنگ دەبن.. جوان لە سیمای دایکم ورد دەبنەوە.. بە ئاماژەی چاو دایکم لە ئێمە دوور دەخەنەوە، گوایە دەیانەوێت بەنهێنی قسەی لەگەڵدا بکەن.. ئێستا من و «پوورە گوڵبەهار» پێکەوە وەستاوین.. دەستم دەگرێت، نەوەکا ون ببم.. شەرم دامدەگرێت، بەڵام درۆ ناکەم وا هەست دەکەم دەستی سۆندەیەکە و هەموو گەرمایی گیانی لە ڕێگایەوە دەڕژێتە ناو گیانی منەوە.. باشە بۆ نەڵێم ئەو کانییە و من گۆزەیەکی شێدارم..؟! بەڵێ، ڕێک لە گۆزەیەکی بچووک دەچم.. ئێستا پڕ دەبم و لەسەرم دەڕژێتەوە.. بڕوانن من بیر لە چی دەکەمەوە.. ناهەقیان نییە بە شێتم دەزانن.. کاتێ دەتەوێت تاکێک کۆتری مێ لەگەڵ تاکێک کۆتری نێردا بکەیت بە هاوجووت، دەبێت بۆ ماوەی چەند سەعاتێک بیانخەیتە کولانەیەکەوە.. نێرەکە بەدرێژایی ئەو ماوەیە بە دەندووک لە مێیەکە دەدات، ئەوە بەبێ ئەوەی مێیەکە هیچ نارەزاییەکی نیشان دابێت.. هێندەی لێدەدات، هەتا تەواو هێز لە گیانی خۆی و ئەویشدا دەبڕێت، ئینجا عەشقی دەبێت و دەبنە هاوجووت.. ناسینی دەستەکان تەواو پێچەوانەی ناسینی کۆترەکانە.. بە ئاشتی دەست پێدەکەن و بە شەڕ کۆتایی دەهێنن.. ئەوەتا دایکیشم دەستی خۆی بۆ ئەولا درێژ دەکات و بە ژنەکان دەڵێت:

ـ پەلەمانە.. دەڕۆین.

لەو ئاماژەیەدا وا دەردەکەوێت، کە ئێمە لە ماڵی «عادیل سەلیم» زۆر نزیکین.. کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە نزیک بووەتەوە.. هەر لە خۆمەوە ترسێک دامدەگرێت.. هێشتا دەستم لەناو دەستی «پوورە گوڵبەهار»ە و بەدەم ڕێگاوە خەیاڵم لە کۆترەکان ئالاوە.. ڕەنگە ئەو هەر بیریشی نەمابێت، کە مەچەکی منی گرتووە.. وا هەست دەکەم ئەو ترسە هەمان ترسی ناو خەونەکەی دوێنێ شەومە.. نازانم بۆچی لە قوتابخانەی «ئیبن خەلەکان»ی ناو بازاڕم.. لەناو هەموو قوتابییەکانی پۆل نەنها من ئەرکی ماڵەوەم نەنووسیوەتەوە.. مامۆستا بەقژ هەڵمدەبڕێت و لە سەربانی قوتابخانەوە هەڵمدەداتە خوارێ.. بۆ ناو حەشاماتەکە.. ئای لەو خەڵکە سەیرە..!! ئەوە بۆ سەریان پێوە نەماوە..؟! کاتێ لێیان دەڕوانیت، مرۆڤی ئاسایین، کەچی لەجیاتی سەر، تەختەڕەشێکیان پێوەیە و وەکو کێلی گۆڕ شتی سەیر سەیریان لەسەر نووسراوە.. دەیانخوێنمەوە و هیچیان لێ تێناگەم.. ترسەکەم زیاتر تاو دەستێنێت.. لە ناوی دایکم، باوکم، مامۆژنم، مامم و هەموو کەسە نزیکەکانم دەگەڕێم و نایاندۆزمەوە.. سوور دەزانم ئەوان، ئەوانی بێسەر و بێدەموچاو و بێسیما، من ناناسنەوە، بەڵام کوڵ نادەم.. لەناکاو لەسەری یەکێ لە شەقامەکاندا دەزانم من وا ڕووتم.. ڕەنگە جلەکانم لەگەڵ دەستە بەهێزەکانی مامۆستا چووبێتن، کاتێ لەو سەربانە هەڵیدامە خوارێ.. ئێستا تێناگەم پێمخۆشە سەری ئەو خەڵکە بوونەتە تەختەڕەشی قوتابخانە و ناتوانن من بەڕووتیی ببینن، یان نا، بەڵام ترسەکەی گیانم ئاگرە و هەتا دێت زیاتر کڵپە دەکات.. ئەوان ڕێگا دەبڕن، بەبێ ئەوەی کەس بەر کەس بکەوێت، کەچی من لە ترسا خۆم لەم لادەدەم و بەو دەکەوم.. گیانی ڕووتم لەژێر قاچی ئەو دەردەهێنم و ئەویدیکەیان دوور لە خواستی خۆی شەقێکم تێدەسرەوێنێت.. لە پشت کۆمەڵێک بەرمیل و تەنەکە و قوتووی ڕۆن و دۆشاو و شووشەی هەنگوینی

هەڵچنراودا «باوکی عادیل» کامێرا شەمسییەکەی پێیە و دێتە دەرێ.. هەموویان بە شەق هەڵدەداتە ناوەڕاستی «شەقامی باتا» و تەواوی بازاڕ دەوروژێنێت.. دەرابەی دووکانەکان یەک لە دوای یەک دادەخرێن.. هەندێکیان هەر بە کراوەیی جێدەهێڵن.. خەڵک تێکدەقژقژێن.. پیاوان عەبای ژنان دەڕفێنن و خۆیانی پێ دادەپۆشن.. سەدان قاپ و مەنجەڵ و بوتڵی پیپسی و کۆلا و کووپی شەربەت و دەخیلەی منداڵان دەکەونە ژێر پێیان و خەڵک بەکۆمەڵ بەسەریاندا بەردەبنەوە.. تەختە ڕەشەکان تێکدەشێکێن.. دەبنە هەزاران پارچە و بەو ناوەدا بڵاو دەبنەوە.. سەبەتەی ماسییەکانی بەردەم دووکانی ماسییەکە بەو ناوەدا دەڕژێن و سەدان قاچی باریک و ئەستووریان لێ هەڵدەخلیسکێت.. دەیان ژن و منداڵ بەسەر یەکدا دەکەون.. بۆنی ناخۆشی ڕیخۆڵە و ناوهەناوی ماسییەکان، کە بەو زەوییە گەرمەوە دەنووسێن، چەندین کەس دەبوورێننەوە.. فەردە خەڵووزی هەڵچنراو وەکو شاخی بەفر هەرەس دێنن و تۆزێکی ڕەش ئەو ئاسمانە تاریکدادەهێنێت.. عەرەبانەی باڵندە ڕەنگاوڕەنگەکانی «دادە کەژێ»ی باڵندەفرۆش قلپ دەبێتەوە.. یەک بە یەکیان لەسەر ئەو شەقامە گەرمە و لەژێر پێیاندا چزرز دەپلیشێنەوە و بەو قیرە داخبووەوە دەنووسێن.. ئەوان بەخۆڕایی ئاوا خۆیان شپرزە و سەغڵەت دەکەن.. «باوکی عادیل» بێجگە لە من، هەقی بەسەر کەسی دیدا نییە.. کۆڵان کۆڵانی ناو قەیسەری و شەقام شەقامەکانی دەوری قەڵا دوام دەکەوێت و ئەو کامێرا گەورەیەشی هەر بە شانەوەیە.. پێم دەگات و کامێرایەکەی لە بەرامبەرم دادەنێت، بەڵام چونکە قاچێکی شکاوە، بۆیە ناتوانێت لەسەر دوو قاچەکەی دیکەیدا بیوەستێنێت.. من دەرفەت دەهێنم و جارێکی دیکە ڕادەکەم.. ئەو دوام دەکەوێت و پێم دەڵێت:

ـ ڕاوەستە..!! بۆ کوێ دەچیت..؟! بەڕووتی چەند ڕەسمێکت دەگرم و دوایی پیشانی ئەو خەڵکەی دەدەم.

ڕاچەنینێک، یاخود هاوارێکی بەرزی قوڕگم بێدارم دەکاتەوە.. هەیوانەکەمان، کە جێگامان لەناودا داخستووە، هێشتا تاریکە.. ئەو تیشکە کز و باریکانەی مانگیش هەر ئەوەندەیان ڕووناک کردۆتەوە، هەتا من بەهۆی ئەو ئاماژە پرتەقاڵییانەوە بزانم لە قووڵاییی تاریکیی دام.. بۆئەوەی تاریکیی پیشانی کەسێک بدەیت، دەبێت کەمێک ڕووناکییت بە دەستەوە بێت.. نازانم بۆچی بیر لەوە دەکەمەوە.. شەوانی پایز هەر خۆیان لە خەوی قووڵ قووڵ و بێسەروبن دەچن.. دەڵێی لە سەفەر دایت.. هەیوانیش ڕەنگ و سیمای پایز دەگرێت.. هەر ئەو ڕەنگە بە لێفە و دۆشەگ و سەرینەکانیش دەبەخشێت، بەڕادەیەک وا بزانی هەر بۆئەوە دەنوویت تا وردتر و نزیکتر گەڵای زیوینی هەڵوەریو و هەوری تەنکی شێدار و گەردەلوولی پۆپلینیی ببینیت.. ترسی ناو خەون و ترسی دەرەوە تێکەڵی یەکدی دەبن.. خێرا دەست بۆ بیجامەکەم دەبەم.. چەند جارێک لاستیکەکەی ڕادەکێشم و بەریدەدەم.. بەر کەمەرم دەکەوێت و دەیلەرێنێتەوە.. بەر کەمەرم دەکەوێت و دەیلەرێنێتەوە.. خۆم لەژێر لێفەکەمدا گرمۆڵە دەکەم.. دەترسم، بەڵام کاتێ ورد ورد ڕووداوەکان، دیمەنەکان، جووڵە و تێکقژقژانەکانی ناو ئەو بازاڕە وروژاوە دەهێنمەوە یادم، چێژێکی سەیر لەو

تۆقینە دەبینم.. ناولەپەکانم پێکەوە دەنووسێنم و لەناو هەردوو ڕانی جووتکراومدا دەیانشارمەوە.. هێشتا ئۆقرە ناگرن.. پەنجە تۆقیوەکانم وەکو کەروێشک ژێر لاستیکی بیجامە و دەرپێکورتەکەم هەڵدەکۆڵن و خۆیان دەگەیننە ئەودیو.. من ئاوام.. باوەڕێکی سەیرم هەیە.. وا دەزانم مەترسییەکان لەپێش هەموو شوێنێکی دیکەی جەستەمەوە دەگەنە دەستەکانم.... چەپەیانم لەناو دەستی «پوورە گوڵبەهار» دایە و ڕاستەیانم خستۆتە ناو گیرفانی چارلیستۆنە مێللییەکەمەوە.. پۆپلینێکی هێڵدارە و ژنێکی دراوسێمان بۆی دووریوم.. لەناو کۆڵانێکی تەسکدا هەنگاو دەنێین، کە ئەوسەری داخراوە.. وا هەست دەکەم ڕێگامان لێتێکچووە و دەبێت بگەڕێینەوە.. بۆنێکی سەیر دەچێتە قووڵاییی لووتمەوە.. دوای تاوێک بیرکردنەوە، دەزانم ئەوە بۆنی قەڵەمی بۆیەی نیگارکێشانە.. بۆنەکە هی ناو خەیاڵی خۆمە.. یەکێ لە هاوپۆلەکانم، کە پێشتر ماڵیان لە گەڕەکی «خانەقا» بووە، بەجوانترین شێوە نیگاری ئەو جۆرە خانووانە دەکێشێت، کە زۆربەیان لە جووە کۆچکردووەکانەوە جێماون و بە پاستیل ڕەنگیان دەکات.. ئەو بۆنە وام لێدەکات ئەو خانووانەم لێ ببێتە ڕاستی.. ئاگام لە دەوروبەرم دەبڕێت.. بەناو ئەو کۆڵانە تەسک و داخراوەدا هەنگاو دەنێم.... لەپڕ دایکم لە دەرگایەک دەدات و دوای چاوترووکانێک ژنێک بەدەستی کەفاوییەوە دەرگامان لێدەکاتەوە.. باوەش بەیەکدا دەکەن.. هاوکات پیاوێک لە ژوورەوە دێتە دەرێ و بەسەرسوڕمانەوە لێمان دەڕوانێت.. کاتێ جوان لە سیما و جلوبەرگیان ورد دەبمەوە، وا هەست دەکەم ئەوان لەم ماڵە ناژین، بەڵکو وەکو ئێمە بۆ ماوەیەکی کورت ڕێیان کەوتۆتە ئێرە و جێیدەهێڵن.. هەر خێرا لەم خەیاڵەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوێزمەوە و دەگەمە ئەو باوەڕەی ئەم ماڵە شوێنێکە بۆ کۆکردنەوەی چیرۆک و بەسەرهاتەکانی خەڵکی شار.. هەربۆیە لە ناوجەرگەی بازاڕیشە.. پیاوەکە دەگاتە ئاستی ئێمە، کە هەتا ئێستا بەهۆی چاکوچۆنییەوە، نەمانتوانیوە لە دەرگا ئاودیو ببین، دایکم دەناسێتەوە و بزەیەک دەکەوێتە سەر لێوی.. یەکەمجارە دەبینم پیاوێک تۆقە لەگەڵ ژناندا بکات.. لەسەر زمانی دایکمەوە ناوی «کاک عادیل» دەبیستم.. گیانم موچوڕکی پێدا دێت.. لێرە دەزانم من بەدرێژاییی ڕێگا وام خستۆتە خەیاڵمەوە، کە ئێمە دەچینە ماڵی «عادیل»ی هاوڕێم، بەڵام نەمتوانیوە ئەو هەستە تۆقێنەرە لای خۆشم ئاشکرا بکەم.. دەستی ڕاستی «پوورە گوڵبەهار» مەچەکی من بەرەڵلا دەکات و دەگاتە ناو دەستی ئەو پیاوەوە.. زیاتر ترس دامدەگرێت.. چاوەڕێم کاتێ دەستی لەناو دەستی ئەودا دەردەهێنێت، جارێکی دیکە مەچەکی منی پێ بگرێتەوە، بەڵام بۆ چاوەکانی خۆی دەبات و فرمێسکەکانی پێ دەسڕێت.. لەناو ئەو هەموو ترس و سەرسوڕمانەدا دەستی پیاوەکە بۆ لای من درێژ دەکرێت، گوایە دەیەوێت تۆقەم لەگەڵدا بکات.. تۆقە..؟! لەگەڵ من..؟! ئاسان نییە.. دایکم هەر زوو زوو دەڵێت:

ـ کورە دەستی ڕاگرتووە..!!

من تەنها دەستێکم لێ دیارە و لەودیوی ئەو شەرم و ترسەوە سەرنج لە هەموو هێڵ و نیشانە و ڕەنگەکانی دەدەم، بەڵام هەست ناکەم ئەو دەستە بە جەستەیەکەوەیە.. هەر دەڵێی لە فەزایەکی

نادیارەوە هاتۆتە دەرێ، بۆیە هەتا دێت زیاتر سەراسیمەم دەکات.. من نازانم بە چەند مانگ پێم گرتووە و بە چەند مانگ زمان، ئەگەرچی نەنکم هەمیشە شانازیی بەوەوە دەکات، کە هیچ منداڵێکی دیکەی بیر نییە وەکو من زوو قسەی کردبێت.. بەڵام دڵنیام زۆرم دەوێ تا ئەو ترسە گەورەیەم دەشکێت و دەتوانم تۆقە لەگەڵ پیاوێکدا بکەم، با ئەو پیاوە کەسێکی ڕووخۆش و هێمنیش بێت.. دایکم نایبڕێتەوە:

ـ کورە دەستی ڕاگرتووە..!!

ناتوانم پێی بڵێم کەس دەستی ڕانەگرتووە، بەڵکو دەستێک ڕاگیراوە.. دەنگێک دەڵێت:

ـ وازی لێبێنە.. با بیر بکاتەوە.. ئەگەر ویستی، ئەوا تۆقە دەکەین.. ئەگەر نەیویست، خۆ دەستی من هیچی بەسەر نایەت.

ژنەکە بەڕوویەکی خۆشەوە لە هەوڵی ئەوە دایە بمانباتە ژوورێ، بەڵام دایکم هەنگاوێک بۆ دواوە دەگەڕێتەوە و دەڵێت:

ـ ئێمە دانانیشین.. هەر بۆ ئەوە هاتووین ماڵەکەتان بە گوڵبەهار نیشان بدەین و دەبێت بگەڕێینەوە.. خۆم سەرتان لێ دەدەمەوە.

دەستەکە هەتا ئێستاش ڕاگیراوە.. ئەگەر بزانم ئەو تۆقەیە بلیتێکە و دەتوانم پێیەوە بچمە ژوورێ، هەتا گوێ لە چیرۆکەکەی «پوورە گوڵبەهار» بگرم، ئەوا من بەبێ دوودڵی دەستمی دەدەمێ.. نەخێر، ئەوەتا بەهەمان ڕێگای خۆماندا دەگەڕێینەوە.. ئەگەرچی تەنها من و دایکمین، بەڵام لە خۆم ڕانابینم داوای لێ بکەم چیرۆکەکەم بۆ بگێڕێتەوە، چونکە ترسی ئەوەم هەیە سەرتاپای خەیاڵم بشێوێنێت.. هیچ دوور نییە بەلایەنی کەم پێم بڵێت یەکێ لەو دوو «عادیل»ە مردووە و تەنها لە خەیاڵی مندا بوونی ماوە.

زستانی ٢٠٠٦

تێبینی:
هەر کەسێکی ڕاستەقینە، کە لەم تێکستەدا ناوی هاتووە، ئەوا بەر لە بڵاوکردنەوەی، ڕەزامەندیی خۆی، یان هی کەسوکاری وەرگیراوە.